# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
ژمارە ٣٩ – بەفرانباری ٢٧٠٦ی کورد

خەبات لەپێناو ولاتێکی ئازاد و دێموکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC), January 2007, Nr.39

## "ساڵی نوێی زاینی پیرۆزبێت!"

ساڵی نوێی زاینیی، لەهەموو هاوولاتیانی کوردی مەسیحی بەتایبەتی و، لە هەموو نەتەوەی کوردمان بەگشتی پیرۆزبێت. هیوادارین ساڵی ٢٠٠٧، ساڵێکی پڕ لەخێر و خۆشی و بەختەوەریی بێت بۆ هەموو هاوولاتیانی کوردمان، هەروەها، ساڵی گەیشتن بە رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت!

## "خەونی خۆشی "فیدراڵیی" سەرکردەی حیزبەکان و، چارەنووسی نادیاری کورد!

راپۆرتی کۆمیتەی هاوبەشی دێموکراتەکان و، کۆماریخوازەکانی ئەمریکا، کە لە (١٠) کەس پێکهاتبوون و، بەنێوی راپۆرتی **(بەیکر – هامیلتۆن)** ەوە لە راگەیاندن و میدیای جیهانییەوە بڵاوبووەوە، لەلایەن چاودێران و، شارەزایانی سیاسی و، هەروەها ، لەلایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستانەوە، شرۆڤە و، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لەبارەوە کرا. لەوپێوەندەدا، گەلی کورد بەگشتی و، باشووری کوردستان بەتایبەتیی، پاش ئاگاداربوون لەنێوەرۆکی بۆچوون و، هەڵسەنگاندنەکانی کۆمیتەی **"بۆ ل٢"**

سەبارەت بە دادگەییکردن و، بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام **"ل ١٦"**

گەمارۆی ئەتۆمیی ئێران، بەتەنیا، چارەساز نییە **"ل ٣٧"**

حیزبایەتی و دێموکراسی و تەبایی **"ل ٣٩"**



ڕێزدار سابیر کۆکەیی:

**ڕۆنکردنەوەیەک بۆ گۆڤاری "کۆنگرە"، ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان.... "ل ٣٥"**

*** چاوخشاندنێک بەسەر بووجەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و، "پێنتاگۆن" بۆ ساڵی ٢٠٠٧ی زاینی!................ ل ٢٣**

*** ڕاگەیاندراوەی KNC بەبۆنەی گیران و، ئەشکەنجەدانی دەیان رۆژنامەنووس و رۆشنبیری کورد لە رۆژهەلاتی کورستان!............................................ ل٢٦**

*** ململانێی نێوان دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەروانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییی ................. "ل ١٦"**



ڕێزدار مامۆستا محەممەد شەیدا:

**کۆمەڵکوژی و سووتاندن ...**
لاپەڕەی ٦



ڕێزدار سیروان کاوسی:

**نامە بۆ سەرکۆماری ئەمریکا**
لاپەڕە ٤



ڕێزدار قەیس بلباس ڕاهێنەری تیپی فۆتباڵی کوردستان

**لە ڕادیۆییدا وتووێژێکی**
لاپەڕە ١١

# "خەونی خۆشی فیدراڵیی" سەرکردەی حیزبەکان و، چارەنووسی نادیاری کورد!

## راپۆرتەکەی (بەیکر – هامیلتۆن) یش، نەیتوانی سەرکردەی حیزبەکان، لەخەون و خەیاڵی فیدراڵی وەخەبەر بێنێ؟!

هاوبەشیی دێمۆکراتەکان و، کۆماریخوازەکانی ئەمریکا، کە لە (١٠) کەس پێکهاتبوون و، بەنیوی راپۆرتی **(بەیکر – هامیلتۆن)** ەوە لە راگەیاندن و میدیای جیهانییەوە بڵاوبووەوە، لەلایەن چاودێران و، شارەزایانی سیاسی و، هەروەها ، لەلایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستانەوە، شرۆڤە و، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لەبارەوە کرا.

لەوپێوەندەدا، گەلی کورد بەگشتی و، باشووری کوردستان بەتایبەتیی، پاش ئاگاداربوون لەنێوەرۆکی بۆچوون و، هەڵسەنگاندنەکانی کۆمیتەی **(بەیکر - هامیلتۆن)**، سەرلەنوێ، بیرەوەرییەکانی تاڵی خەبات و قوربانیدان و، راپەڕینە تێکشکاوەکانی رابوردوو، لەدڵ و مێشکیاندا زیندوو بووەوە و، ترس و دڵەڕاوکە، باڵی بەسەر خۆشی و هیوای ئەم چەند ساڵەی رابوردوودا کێشا.

لەم نێوەدا، سەرکردەکانی کورد لە باشوور، کە لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات و دەستخستنی کورسی و پلەوپایەی سیاسیی لە دەوڵەتی عێراقی نوێ، رۆڵی سەرەکییان لە گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عەرەبی داگیرکەر لە عێراق گێڕا و، بەڕێگەی زوڕناژەنەکانیانەوە و، بەدرۆشمی دواکەوتووانە و، نازانستانەی **"برایەتی"** یەوە، کەوتنە چاوبەستن و چەواشەکردنی خەڵک بۆ دەنگدان پێیان و، جارێکی دیکە چارەنووسی باشووری کوردستانیان گرێدایەوە بە دەوڵەت و جوگرافیای نگریسی عێراقەوە، کاتێ لەنێوەرۆکی راپۆرتەکەی **(بەیکر – هامیلتۆن)** ئاگاداربوون، راچڵەکین و، دەستیان کرد بە نووسینی نامە بۆ سەرۆکی ئەمریکا و، گلەیی و گازندەکردن لە کۆمیتەی هاوبەشی دێمۆکراتەکان و کۆماریخوازەکان، کە گوایە تەنیا لایەنە عەرەبەکانیان دیوە و، نەهاتوونەتە کوردستان!؟ ئەوجا بەشێوەی ناڕەسمی و ناحکوومی، کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ سازکردنی خۆپێشاندان و، پێشاندانی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵکی کورد، دژی کۆمیتەی (بەیکر – هامیلتۆن) ەوە.

بێگومان, راپۆرتەکەی بەیکر – هامیلتۆن، بەزیانی کورد نووسراوە و، جێبەجێبوونیشی دەبێتە هۆی کارەساتی گەورەتر لە جاران بۆ کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە نەتەوەی کورد ئەو راستییە بزانێت، (بەیکر)، یان بەرپرسیاری هەر داوودەزگەیەکی دیکەی ئەمریکا، لەسەر حیسابی پێخۆشبوون و، راگرتنی دۆستایەتیی لەگەڵ کورد، ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی ولاتەکەی لەنێوچەکە دانارێژێت، بەڵکو بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسیی ولات و حکوومەتەکەی خۆی، دەخاتە پێش بەرژەوەندیی ولات و لایەنی دیکەوە. لەبەر ئەوە، سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لە باشوور، ئەگەر بەراستیی راپۆرتەکەی (بەیکر – هامیلتۆن) رایچڵەکاندوون و، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەوە کە "فیدراڵی" لەعێراق و، بیری پێکەوەژیانی ئاسوودەیان، لەگەڵ عەرەبی سوننە و شیعە، خەون و خەیاڵ و رەنج بەخەساردانە، با هەنگاوی بوێرانە و ئازایانە و، نەتەوییانە هەڵبگرن و، لەباتی سازکردنی خۆپێشاندان لەدژی کاربەدەستێکی ئەمریکایی، کە هیچی لێ ناڕوێ و، ناگاتە هیچ ئەنجامێک، بەرێگەی میدیا و راگەیاندنیانەوە، داوا لە گەلی کورد بکەن، کە بڕژێنە سەر جادە و شەقامی شار و شارۆچکەکان و، بەشێوەی شارستانییانە بکەونە رێپێوان بەرەو نێوەندەکانی سیاسی و لەشکریی هاوپەیمانان لە کوردستان و، درۆشمی **رفراندۆم بۆ کوردستان،** ببێتە درۆشم و داوای سەرەکیی تێکڕای دانیشتووانی کوردستان - بەهەموو چین و توێژێکییەوە. ئەوجا بەکردەوە، دەنگی خۆشیان بخەنە پاڵ دەنگی گەلی کورد و، داوا لە وڵاتانی هاوپەیمان بکەن، تا بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، راپرسییەکی گشتی لە کوردستاندا بکەن. هەروەها لەدەرەوەی وڵاتیش، دیپلۆماسییەکی بەهێز بەسەرپەرشتیی کەسانی پسپۆر و شارەزا و نیشتمانپەروەر پێک بهێنرێ و، چەندین لق لە ولاتانی ئۆروپا و ئەمریکا بکاتەوە و، بەنێوی تێکرای جەماوەری کوردستانەوە، سەردانی پەرلەمانی ئۆروپا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ولاتانی دێمۆکراتەوە بکرێ و، گوشار بخرێتە سەریان، کە رێز لە داخوازیی رەوا و یاسایی گەلێکی چل ملیۆنی بگرن و، بێنە کوردستان و، چاودێریی رفراندۆمێکی ئازاد بکەن. ئەوجا پاش بڕیاردانی نەتەوەی کورد بەجیابوونەوە و، دامەزرانی دەولەتی کوردیی، پارێزگاری و پشتگیریی گەلی کورد بکەن، لەبەرامبەر

دەستدرێژیکردنی رژێمەکانی داگیرکەر و رەگەزپەرستیدا، کە رژێمەکانی ئێران و ترکیا و سووریا و، عێراقن. بەڵام مخابن، سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، نەتەنیا ئەم کارانە ئەنجام نادەن، بەڵکو بۆ چەواشەکردن و، بەلاڕێدابردنی گەلی کورد، دەستیان کرد بە هاندانی خەڵک، تا بەرامبەر بۆچوونەکانی بەیکر – هامیلتۆن بێزاریی خۆیان دەرببڕن و، لەملاشەوە درێژە بە پتەوترکردنی بناخە وسیستەمی سیاسی و لەشکری و دیپلۆماسی و، ئاسایشی عێراقی نوێ بدەن....

## گەلی بندەست و کۆیلەی کورد!
## رۆشنبیران، خوێندکاران، کارکەران، ژنان و، هەموو ئازادیخوازانی دڵسۆزی کورد!

خەباتی لەمێژینە و، قوربانیدانی دەیان و سەدان سالەمان، پێیناوەتە قۆناخێکی گەلێک گرنگ و چارەنووسسازەوە. بێدەنگ بوون و دەستەوستان و چاوەڕوانی، لەم قۆناخە هەستیار و مێژووییەدا، جارێکی دیکە دەمانگێڕێتەوە بۆ ژێرچەپۆکی گەلی عەرەب لە عێراق. پاش دامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق، دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی عەرەب لە بەغدا، بەکاوەخۆ و بەخشکەیی، پلانی ئەوەیان بەدەستەوەیە، تا وەکو رابوردوو، دیاریکردنی بووجە و دارایی کوردستان و، دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان ببەستنەوە بە بەغداوە و، دۆخی سیاسی عێراق و، باشووری کوردستان بگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش راپەڕین.

سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبەدەسەڵاتدارەکە (پارتی و یەکێتیی)، بەکردەوە پێشانیاندا، بڕوایان بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نییە و، هیوا و ئاوات و داخوازیی رەوای گەلی کوردیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیی، پشتگوێ خست و، لەباتی ئەوە، بەنێو و بەیت و بالوورەی "فیدراڵی" یەوە، جوگرافیای نگریسی عێراق و، دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیان زیندووکردەوە.

هەر مرۆڤێک کە ئەلف و بێی سیاسی بزانێت، دەزانێ کە فیدراڵی لە نێو ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەدا دێتەدی، کە خاوەنی شارستانێتی و، فەرهەنگی ئازادی و دێمۆکراسین. لەبەر ئەوە "عێراقی فیدراڵ!!!" کە نێوەندی دوژمنایەتی ئاینی و، سەربڕین و، بۆمباتەقاندنەوە و، رێخستنی جۆگەی خوێنە و، بە دەستێوەردانی رژێمەکانی کۆنەپەرست و، پاشڤەڕۆی نێوچەکە، وەک ئێران و سووریا و ئۆردەن و، سعوودی و، ترکیا، نایەتەدی. مانەوەی هەرچی زیاتری کوردیش لەنێو ئەو قەیرانەدا، بارودۆخی کوردستان ئاڵۆزتر دەکا و، زیانی زۆر گەورەش بە کێشە رەواکەی دەگەیەنێ و، پرۆسە و پرۆژەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بۆ دەیان ساڵ دوادەخات.

هەر بۆیە، چاوەڕوانیی رزگارکردنی کوردستان لە سەرکردەیەتیی ئەم دوو حیزبە ناکرێ و، ئەم سەرکردانەش لە ئاستی هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییە مێژووییەدانین و، هیچ کات ئامادە نابن، دەست بەربدەن لە عێراق و، ناشتوانن بڕیاری گەورە و مێژوویی لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیاندا بدەن و، ئەو سروەت وسامانە زۆر و زەبەلاحەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کۆیان کردووەتەوە، لەدەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات، بیخەنە خزمەتی پێشخستنی پرۆژەی رزگاریی یەکجاری و سەربەخۆیی کوردستانەوە. لەبەر ئەوە، گەلی کورد، پێویستە بڕوای بەهێز و توانای خۆی بێت. بڕوا و، متمانە بەو لایەن و کەسانەوە بکات کە راستەوخۆ و بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا، کار و خەبات بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن.

داوا لە گەلی کوردمان لە باشوور دەکەین، لە شار و گوندەکان، خۆتان رێکبخەن و، بێنە سەر جادە و شەقامی شارەکان و، بە یەکدەنگ، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە، درۆشمی **"رفراندۆم بۆ کوردستان" و، "راپرسی، راپرسی"** بەرز بکەنەوە. داوا لە هەموو هاوبیرانی کۆنگرە و رۆڵەکانی دڵسۆزی گەلەکەمان لە باشوور دەکەین، راستەوخۆ ئەرکی رێکخستن و، سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکان بگرنە ئەستۆ. کۆی نێو و ئیمزاکان بگەیەننە دەستی کاربەدەستانی وڵاتانی هاوپەیمان و، پەرلەمانی ئۆرووپا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە خزمەتی ئێوەدایە و، هاوخەبات و پشتیوانتانە و، بەهەموو توانایەکییەوە، لە خزمەتی سەرخستنی ئەم پرۆژە پیرۆز و نەتەوییەدایە.

**بۆ پێشەوە. بەرەو رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەسەرتاسەری خاکی پیرۆزی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت. ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٦/١٢/٢٢**

## نامەی ڕێزدار سیروان کاوسی، بۆ سەرکۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!

### بەڕێز جۆرج دەبلیۆ بوش
### سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لەنێوبردنی رژێمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی سەددام حسێن، کە بەهۆی بریاری راست و مێژوویی ئێوە و، هێرشی سوپای ئەمریکا هاتەدی، وەکو بەڵگە و لاپەڕیکی زێرین و گەش لە مێژوودا دەمێنێتەوە. گەلی کورد، ئێستا و داهاتوو، بەریز و پێزانینەوە، دەڕوانێتە رۆڵی گەورەی ئێوە لەدژایەتیکردنی تێرۆریزم کە سەرچاوەکەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی رژێمەکانی ئێران و سووریان.

بەدوای رووخانی رژێمی سەددام حسێن، نەتەوەی کورد و، هەموو ئازادیخوازانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، چاوەڕوان بوون، هەنگاوی خێراتر بەرەورووخانی رژێمەکانی ئێران و سووریا هەڵبگیرێت، بەڵام پرۆسەکە بەهۆی رەچاونەکردنی سیاسەتێکی گونجاو لەلایەن راوێژکاران و پسپۆرانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکاوە لە رۆژهەڵاتی ناڤین، بوونە هۆی ئەوە کە رژێمەکانی ئێران و سووریا و ترکیا، بەرێگەی رێکخراوە و گرووپی وابەستە و بەکرێگیراویانەوە، ئاڵۆزی و پشێویی لە نێوخۆی عێراق پەرە پێبدەن، بۆ ئەوەی پلانەکەی ئێوە و هاوپەیمانان بەرەورووی شکستی سەربازیی بکەنەوە.

ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا، دەیەوێت، بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی نێوخۆی عێراق، لەگەڵ ئێران و سووریادا دانووستان بکات. بە پێویستیدەزانین، بەڕێزتان ئاگادار بکەینەوە کە، ئەنجامدانی گوتوبێژ سەبارەت بە ئاڵۆزیی نێوخۆی عێراق، لەگەڵ رژێمەکانی ئێران وسووریا، دەبێتە هۆی شکستێکی گەورەی سیاسی و سەربازیی بۆ ئەمریکا و، هاوپەیمانان. ئەنجامەکەشی دەبێتە هۆی شێواندنی پتری بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە بەزیانی ئەمریکا و، بەرەی ئازادیخوازیی نێوچەکە وەک نەتەوەی کورد و، کارەساتی گەورەی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. دەوڵەتەکانی ئێران و سووریا و، هەروەها رەگەزپەرستانی عەرەب و، ئیسلامیی سیاسیی بەهێزتر دەبن، ئەوکات مەترسییەکەی هەموو رۆژاڤاش دەگرێتەوە.

**سەرکردەیەتیی (KNC)**، هەر لەسەرەتای رووخانی رژێمی سەددام حسێنەوە، بە هەڵسەنگاندنی بابەتانەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناڤین، بە نووسینی چەند نامەیک بۆ



بەڕێزتان لەلایەن دوکتۆر جەواد مەلا – سەرۆکی KNC، هەروەها هەندازیار بروسک ئیبراهیم – بەرپرسیاری پێوەندیی دەرەوەی KNC ، بیرۆکەی دارشتنەوەی جوگرافیا و سازکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، لەسەر قسە و بۆچوونی چەند کەسانێک لەنێو عەرەبی شیعە و سوننە و، سەرکردەیەتیی هەر دو پارتە کوردییەکان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتیی دێمۆکراتی کوردستان)، کە بەڵێنیان بە ئێوە دابوو، دەتوانن رژێمێکی دێمۆکرات بە هاوبەشیی هەموویان لەعێراق دابمەزرێنن، بە ناڕاست و هەڵە و، بەدوور لە بەرژەوەندیی نەتەوەکانی نێوچەکە و، تەنانەت دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێوەش زانی و، لە نامەکانی پێشوومان‌دا بۆ بەرێزتان ئاماژە بە هۆکارەکانیان کرابوون.

بەڕێزتان، سەرۆکی گەورەترین ولاتی دێمۆکراتی جیهانن، زانیاری تەواوتان لەو بارەوە هەیە کە دێمۆکراسی، بە گۆرینی چەند کەسانێک لە سەرۆکایەتیی حکوومەت و دەوڵەت، نایەتەدی، چۆنکە دێمۆکراسی فەرهەنگە و، لە پرۆسەیەکی مێژوویی و، لە ئەنجامی تاقیکاری و کارپێکردنی درێژخایەن، لەنێو کۆمەڵێکدا جێدەکەوێت. سوننەی عەرەب لە عێراق، بیری رەگەزپەرستی و پاوانخوازی بەسەریدا زاڵە و، هیچ زمانێکی دیکە ناناسێت. عەرەبی شیعەش گرێدراوی ئاینی و، سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوجا ئەندامانی دەوڵەت و سوپای نوێی عێراق، کە زۆرینەیان لە عەرەبی سوننە و شیعە

پێکهاتوون، ئەوانیش گرێدراوی بیروباوەر و فەرهەنگ و ئاینی نەتەوەکانی خۆیانن و، هەر لایەنە بیر لە دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە. رای گشتیی نەتەوەی کورد، بەپێچەوانەی هەڵوێستی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردە و، تێکڕای نەتەوەی کورد خوازیاری گەیشتن بە ئازادی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لەبەر ئەوە، پرۆژەی دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ، بە هیچ شێوەیەک سەرناگرێتەوە. ڕووداوەکانی سێ ساڵی رابوردووی عێراق، راستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

لە ئێرانیش هەر بەو چەشنەیە و، پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستە ڕێز لە راپرسی و، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئێران، لەلایەن خۆیانەوە بگیرێت. نابێ ئەزموونی سەرنەکەوتووی عێراق، لە داهاتووی سیاسیی ئێرانیشدا دووپات بکرێتەوە، بەهەوڵدان بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەستکردی ئێران.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە، کە بەڕێزتان و دەولەتی ئەمریکا، پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردیی. بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە نێوچەکە، لەپێش هەر شتێکدا، بەرەی دژە تیرۆر لەنێوچەکە بەهێزتردەکا و، کوردستانیش دەبێتە نێوەندێک بۆ سەقامگیرکردن و، حەوانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. هاوکات، نەتەوەی کورد لە ئەشکەنجە وقەلاچۆ و ماڵوێرانیی بەردەوام رزگاری دەبێت، کە ئامانجی سەرەکیی ئێوەش لە داڕشتنی نەزمی نوێی جیهان، کۆتایی هێنانە بەتەمەنی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و، رزگارکردنی گەلانی بندەست.

**بەڕێز سەرکۆمار!**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاندەر و پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمە لە نێوچەکە و لە جیهان. وتوویژ و دانووستان لەگەڵ ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست هەڵەیە و، لەداهاتوودا کارەساتی گەورەتری بەدواوە دەبێت. هەروەک سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، هەندێک لایەن و دەوڵەت لەو باوەڕەدا بوون، بە گوتوبێژکردن، دەتوانن **هیتلەر و دەوڵەتی نازیتی لە ئەڵمان**، لە بیری داگیرکردن و، جینۆساید و هۆلۆکوستی نەتەوەکانی دیکە پەژیوان بکەنەوە. ئەوڕۆکەش ئەحمەدی نژاد و، دەولەتەکەی، بە ئاشکرا هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل دەکەن و، زۆر بە توندی و گرژییەوە وەرامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، کۆمەڵی نێودەوڵەتیی دەداتەوە. ئەم ڕژێمە ماوەی نێزیک بە ٢٨ ساڵە بەدڕندانەترین شێوە نەتەوەی کورد سەرکوت دەکا و، هەموو مافێکی مرۆڤی و سیاسی وکۆمەڵایەتیی لە گەلی کورد و، گەلانی ئێران زەوت کردووە. ئێستاش دەیەوێت، چەکی ئەتۆم ساز بکا و، ئیمپراتۆریی ئیسلامیی شیعە لە نێوچەکە دابمەزرێنێت و، دەوڵەتی ئیسلامی شیعە و سوننەی لایەنگری خۆی لە عێراق و لوبنان و فەلەستین دابمەزرێنێت و، ئیسرائیل لەنێو ببا و، ئاژاوە و پشێویی بخاتەنێو هەموو وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی رۆژاڤا لەنێوچەکەوە.

دەوڵەتی ئەمریکا، کاتێ دەتوانێت تێرۆریزم لە جیهان ریشەکێش بکات، کە سەرچاوەکەی، واتە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لەنێو ببات. لەو پێناوەشدا، ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وا گەورە، کە لە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتیدا دەبێت، دەتوانێ پشت بە گەلی بندەستی کورد و، ئازادیخوازانی ئێرانی ببەستێ.

**بەڕێز سەرکۆمار!**

نەتەوەی کورد، کە هەر لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، وڵاتەکەی دابەشکراوە، تا بە ئەمڕۆ قوربانیی دەستی تێرۆر و جینۆسایدی داگیرکەرانییەتی. نەتەوەی کورد، لە ترکیا و سووریا و ئێران و عێراق، لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ژیان دەباتەسەر. ئەوڕۆکەش چاوی بڕیوەتە پشتیوانیی سیاسیی ئێوە و، هەموو وڵاتانی دنیای ئازاد. داواتان لێدەکەین پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن، لەڕێگەی راپرسی (رفراندۆم) یکی ئازاد، بە چاودێریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت، وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەکەڵکوەرگرتن لە بڕیارنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، دەنگ بۆ چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

**لەلایەن خۆم و، هەموو ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات، هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان و، سوپای ئەمریکا دەخوازم، لەجەنگی دژە تیرۆر و لەنێوبردنی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بە دێمۆکراسی.**

**ڕێزم جەخت دەکەم..........**

**سیروان کاوسی:**

**ئەندامی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - رۆژهەڵات**

**٢٠٠٦/١١/٢٧**

# كۆمەڵكوژی و سووتاندن و ، وێرانكردن

# Genocid and Holocoust

نووسینی: مامۆستا محەمەد شەیدا
لەندەن – بەریتانیا

---

Genocide وشەیەكی رۆژاڤاییە، بەمانای كۆمەڵكوژی دێت. كارەساتی جێنۆساید لەنێو هەموو گەلانی جیهاندا ناسراوە، چۆنكە زۆربەی كۆمەڵانی جیهان، لەرابوردوودا، یان لەسەردەمی نوێدا ئەم تاوانە نەمرۆڤانەی بەسەر هاتووە. جێنۆساید و هۆلۆكاست (سووتاندن و وێرانكردن) لاپەرەیەكی رەشی لەمێژوودا پركردووەتەوە، بەو تاوانە نامرۆڤیانەی كە دژ بە نەتەوەیەك، یان ئاینێك، یان بیروباوەرێكی سیاسیی ئەنجامدراوە. نموونەی ئەم دوو كارەساتە لەسەردەمی جیاوازدا ئێجگار زۆرە، وەك سەردەمی دەرەبەگایەتیی و، دەسەلاتی كەنیسە لە ئەوروپا لەسەدەكانی نێوەڕاستدا، جێنۆساید و سووتاندن و وێرانكردنی پێش شۆرشی فەرەنسا و، پاش شۆرش، كۆمەڵكوژییەكانی سەردەمی پێش شەڕی یەكەمی جیهانی و، پاش كۆتاییەكەی. هەروەها هاتنی هەندێك حكوومەتی نەتەوەیی توندڕەو، دەركەوتنی "هیتلەر و نازی" لەسەر شانۆی سیاسەتی دەوڵەتیی، هاتنی مۆسۆلینی لە ئیتالیادا، سەرهەڵدانی كۆمۆنیست و یەكێتیی سۆڤێت، كۆمەڵكوژییەكانی سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، هاتنی پارتی بەعسی ئیشتراكی لە عێراق و سووریادا....

**جێنۆساید و هۆلۆكاست (كۆمەڵكوژی و سووتاندن و ویرانكردن)**، وەك سیستەمێك ناسراوە و، هەوڵدانێكە بۆ لەنێوبردن و، لەرەگ وریشە دەرهێنانی كۆمەڵە خەڵكێك، كە سەر بە نەتەوە و رەگەزی جیاوازن، یان ئاین و كولتوور و بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە. ئەو كەسانەش كە بە ئەنجامی ئەم تاوانە هەڵدەستن، بوونی نەتەوە، یان ئاین و بیروباوەڕە جیاوازەكان لەبەردەم بیری رەگەزپەرستانە و، سیاسەتی داگیركارییان بە كۆسپ و تەگەرە دەزانن و، رێگەچارەی شیاو و گونجاو بەوە دەزانن كە بكەونە قەڵاچۆكردن و، پاكتاوكردنیان. لێرەدا دەمەوێت، بگەڕێینەوە بۆ سەردەم و قۆناخی كەنیسە و، دەرەبەگایەتیی. كەنیسە و، دەرەبەگ، دوولایەنی دژ بە یەكتر بوون، هەریەكەیان دەیویست لەبەرێوەبردنی وڵاتدا، دەسەڵاتی زیاتری هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێوازی جۆراوجۆر كۆمەڵكوژیی یەكیان دەكرد. كێبەركێ و لێكدانی نێوان چینی دەرەبەگ و كەنیسە زۆر ئاوكێش بوو و، لەدرێژەیدا راپەڕینی زانیاری و زانست و هونەر و وێژە و سیاسەت و، ئاین، سەریهەڵدا كە بە (رنسانس Renaissance) نێوبانگی دەركرد. هەردوو چینی كەنیسە و دەرەبەگەكان دەیانویست بە سووتاندن و تۆقاندن و كوشتن وبرین، دەسەلات بگرنەدەستی خۆیان. دەرەبەگەكان بەشێوەیەكی دڕندانە و نامرۆڤانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ جوتێر و كۆیلەكانی بندەستیان دەكرد. بەدەیان راپەڕین لەدژی دەرەبەگەكان، لەلایەن چینی هەژار و كۆیلە و، رەشوڕووتەوە بەرپاكران، كە لەلایەن دەرەبەگەكانەوە، جێنۆساید دەكران. گەر كۆیلە نەخۆش و برسی بوایە بەلایانەوە گرنگ نەبوو، دەبوو بێوچان كار بكات. ئەم بارودۆخە تا كۆتایی سەدەی ١٥ی زاینی بەردەوامبوو. پاش ئەوەی زانیاری و زانست و هونەر و وێژە و سیاسەت دەستیكرد بە گەشە و سەرهەڵدان، مرۆڤەكان هەستیان بەوە كرد كە دەرەبەگ و، كەنیسەكان مافیان زەوتكردووون و، لەبەرهەمی رەنج و ماندووبوونیانەوە، سامان و دارایی زۆریان پێكەوەناوە و، لەبەرامبەریشدا، حیسابی مرۆڤ ناكەن بۆیان و، خاوەنی ژیان و گیانی خۆشیان نین. لێرەدا دەتوانم بڵێم، بارێكی نوێ هاتە كایەوە، ئەویش خەباتكردن بوو دژ بە زۆرداری و نایەكسانی، واتە دژایەتیی گۆڕا بە بارێكی تردا. لایەن و چینێكی نوێ پەیدا بوو بەنێوی "چینی چەوساوە"، كە دژایەتییەكەی لەسەر بناخەی دژایەتیكردنی چینی فیۆدال و كەنیسە دارشت و، داوای مافی خۆی دەكرد. چینەكانی دەسەڵاتدار كە لە دەرەبەگ و كەنیسە پێكهاتبوون، وەرامی چینی هەژار و چەوساوەیان بە كوشتن و برین و جێنۆساید دایەوە. هەرلەو سەردەمانەدا، حكوومەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا هێنرا كایەوە، واتە كۆمەڵ لەبری خەباتی چینایەتیی، دابەشبوو بەسەر نەتەوەدا و، هەر نەتەوەیەك تێدەكۆشی بۆ رزگاركردنی خاك و، دامەزراندنی دەولەت و كیانی خۆی. بەم جۆرە، دژایەتیی لەگەڵ دەسەڵاتداراندا رواڵەت و نیوەرۆكێكی سیاسی وەرگرت. ئاشكرایە، سەركەوتنی ئەم جۆرە خەباتەش، بە خوێنرشتن و ئاگر و ئاسن دێتەدی. زۆردار و دەسەڵاتداریش لەبەرامبەریاندا كەوتنە كۆمەڵكوژیی. زۆرجار گوندێك، یان

شارێک لە رەگ و ریشە دەردەهێنرا و، لەسەر نەخشەی وڵاتەکە دەسڕایەوە، بە بەڵگە و، نێوی ئەوەوە کە دانیشتووانی ئەو گوند و شارە کەمایەتین و لەنەتەوەیەکی دیکەن.

پێش راپەڕینی ئەوروپا، لە هێرشەکاندا شەپۆلی مرۆڤیی روویاندەدا، وەک شەپۆلی مەغۆل و عوسمانییەکان. ئەم شەپۆلە مرۆڤیيانە، هەرچییەکی بکەوتایەتە پێشی، رایدەماڵی لە خاک و مرۆڤ و لە وشک و لە تەڕ. هەرچی مەغۆلە، لەبرسێتی و رەش و رووتی، نێوچەی خۆی واز لێهێنا و، روویکردە خۆرهەڵات و خۆرئاوا. کۆمەڵکوژیی مەغۆل دژ بە مرۆڤ لەبیر ناچێت، چۆنکە منداڵی سەرلانکیان پاش خۆیان جێ نەهێشتووە. **(لەسەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، لەمە خراپتر روویداوە، بە تایبەتیی، کۆمەڵکوژییەکانی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دژ بە کورد وکوردستان).**

عوسمانییەکانیش لەدژایەتیکردنی نەتەوە و گەلانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، لە مەغۆل کەمتریان نەکردووە. عوسمانییەکان، بەناوی ئیسلامەوە، برا فەلەکانیان کۆمەڵکوژ دەکرد و، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کۆمەڵکوژیی کورد و عەرەب و ئەرمەنیان دەکرد. بەناوی نەتەوایەتییەوە، هەوڵیاندەدا، نەتەوەکانی کورد و ئەرمەن و عەرەب لەنێو تورکدا بتوێننەوە....

جێنۆسایدکردنی کورد لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاش شەڕی "چاڵدێران". ساڵی ١٥١٤ ی زاینی، شکاندنی عوسمانییەکان بەدەستی سەفەوییەکان، بوو بە رۆژی ڕەش و نەگبەتی بۆ گەلی کورد و کوردستان. پاش شکاندنی عوسمانییەکان، سوڵتان سەلیمی یەکەم، بڕیاریدا بە کوردستاندا بگەڕێتەوە و، بەشێکی زۆری لە خاکی کوردستانی داگیرکرد و، خستییە سەر ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە. ساڵی ١٥١٦ ز، عوسمانی، جارێکی دیکە، گەلکوژی و سووتاندن و ویرانکردنی لە کوردستان رێخستەوە. سوڵتان سەلیم، مەلا محەمەدی بەتلیسی کردە راوێژکاری خۆی، بەمەبەستی هاندانی ملکەچکردنی کورد بۆ عوسمانییەکان. یەکەمجار، سوپای عوسمانی ٢٨٦ گوندی سووتاند و وێران کرد.



دانیشتووانەکەشی، ئەوەی کوژرا، کوژرا، ئەوەشی مایەوە، بە زۆرەملی کۆیان کردنەوە و، راپێچی شار و نێوچە تورکنشینەکان کران. بە جۆرێکیش بڵاوکرانەوە کە نەدەبوا دوو ماڵی کورد لە گوندێک، یان گەڕەکی شارێک پێکەوە بژین، بۆ ئەوەی لەدرێژخایەندا زمان و فەرهەنگ و هەستی نەتەوایەتیی خۆیان لەبیر بکەن.

ئیمپراتۆریی عوسمانی، لە ئەوروپاشدا، کارەساتی زۆر خراپیان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا هێنا. هێندێک لەو خەڵکانەی لە قەڵاچۆی تورکی عوسمانی رزگاریان بوو بوو و، بەچاوی خۆیان رووداوەکانیان دیتبوو، گوتبوویان:

"هەندێک لە ژن و منداڵەکان لە کۆمەڵکوژیی رزگار دەبوون، هەوڵی ئەوەیاندەدا بگەنە سەر ئاوێک. کاتێ دەگەیشتنە سەر ئاوەکە، لەکاتی ئاوخواردنەوەدا جەندرمەی عوسمانی نیشایان لێدەگرتن و، دەیانکوشتن. عوسمانییەکان منداڵی سەر لانکەشیان سەردەبڕی. ئەو منداڵانەی لە جێنۆسایدی عسمانییەکان رزگاریان دەبوو، کۆیان دەکردنەوە و، لە

قوتابخانەی سەربازیی، پەروەردە دەکران و، فێری هەموو شێوازەکانی شەڕ دەکران، پاشان لەشکرێکیان لەم منداڵە بێدایک و باوکانە دروستکرد کە پێیان دەگوترا **(لەشکری ئینکشاری)**. ئەم لەشکرە زۆر بێسۆز و دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون، چۆنکە سۆز و رۆحمی دایک و باوکیان نەچێشتبوو. عوسمانییەکانیش وایان پەروەردە کردبوون کە دڵڕەق بن و، لە کوشتن و خوێنڕشتن سڵ نەکەنەوە. ئەوجا عوسمانییەکان، ئەم لەشکرەیان بەکار دەهێنا بۆ کۆمەڵکوژیی ئەو نەتەوانەی بەرهەڵستی عوسمانییان دەکرد، وەک کورد و ئەرمەن و عەرەب و مەسیحییەکان".

**لێرەدا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان، سەبارەت بەسەردەمی پێش "شۆرشی فەرەنسا" کە جۆرێکی نوێ لە سیاسەت هاتە کایەوە!**

پێش شۆرشی فەرنسا، ناکۆکیی نێوان دەرەبەگ و کەنیسە، سووک و هێور ببووەوە، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتدارێتیی نەتەوەکان و، بەدەستەوەگرتنی حکوومەت لەلایەن نەتەوەکانەوە بوو. بەڵام پاش شۆرش، راوبۆچوون و سیاسەتی نوێ هاتە کایەوە، بەهۆی گەشەی زانیاری و زانست و هونەر و وێژە و ئابووری و ئاین و، سیاسەت. کۆمەڵێک زانا لەهەموو بوارەکاندا دەرکەوتن، بەتایبەتیی لە رامیاری (سیاسەت) دا. شۆرشی فەرەنسا گەلێک بیروباوەڕ و ڕاوبۆچوونی نوێی هێنایە کایەوە، وەک سەربەستیی، یەکسانیی، مافی مرۆڤ، ژیانی وەکیەک. ئەم بیروباوەڕە نوێیانە، هانی نەتەوەکانیدا بۆ گەیشتن بە رزگاربوون و، وەرگرتنی مافەڕەواکانیان. لە ئەنجامی ئەمەوە، بیری نەتەوایەتیی توندڕەو سەریهەڵدا.

کۆمەڵکوژی و سووتاندن و وێرانکردن، بە شێواز و فاکتەرێکی نوێ دەستپێدەکات. ئەم کارە نامرۆڤیانە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی بزووتنەوەی ئیمپریالیستیی دەستپێکرد. دەوڵەتەکانی ئیمپریالیست، ئەو حکوومەتە نەتەوەییە توندڕەوانە بوون کە دەیانویست خزمەتی گەلەکانیان بکەن، لەسەرحیسابی دارایی و سامان و ژیان و، گیانی گەلانی دیکە. دەتوانین بڵێین، ئەو دەوڵەتانە بە داگیرکردنی ولات و، بندەستکردنی گەلانی دیکە، دەیانویست ئاسایش و گوزەرانی خۆش بۆ نەتەوەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. واتە جۆری کۆمەڵکوژیی گۆڕا بۆ شێوەیەکی نوێ، ئەویش داگیرکردن و، دەست بەسەرداگرتنی ئابووری ئەو ولاتانە بوو کە داگیریان دەکرد. کە وابوو، برسیکردن و، رەوشڕووتی و نەخوێندەواری، کە یەکێکە لە سیاسەتی ئیمپریالیستیی، کۆمەڵکوژییەکی نوێیە بە چەکی خنکاندن نا، بەڵکو کوشتنی گەلانە، بەرێگەی برسێتیی و رەشوڕووتی و هێشتنەوەیان لەنەخوێندەواریی. وەک لەبرسامردنی دەیان هەزارکەس، کاتی داگیرکردنی عێراق و کوردستان و سووریا و میسر و ئێران و، گەلێک شوێنی دیکە، هەروەها وەک سۆمال و دارفور و رۆژهەڵاتی ئەفریقا کە لە رۆژێکدا سەدان کەس دەمرن. واتە کۆمەڵکوژیی مەرج نییە بە گو**لل**ە و خنکاندن بێت، بەڵکو بە شێوازی دیکەش ئەنجامدەدرێت.

وەک باسمکرد، دەستپێکردنی بیری نەتەوەگەرێتی و، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی "شۆرشی فەرەنسا" و، دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی نوێ، جۆرێکی نوێی لە شێوەی دەسەلادارێتیی هێنایە کایەوە، ئەویش رەگەزپەرستی بوو، ( Radicalism )، وەک نازییەکانی ئەڵمانیا ی سەردەمی هیتلەر، یان جووەکانی ئەمرۆی فەلەستین و، رەگەزپەرستە عەرەبەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا، هەروەها رەگەزپەرستانی ترک (کەمالیستەکان) لە تورکیا. لەرەوتی خۆیدا، رەگەزپەرستیی مەترسییەکی گەورەی دروستکرد بۆ سەر نەتەوە و گەلانی جیهان، چۆنکە رەگەزپەرستیی، بەرێگەی جێنۆساید و سووتاندن و وێرانکردن دەیتوانی ئامانج و ویستی خۆی جێبەجێ بکات.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی و، پاش کۆتایی جەنگ، دەوڵەتەکانی ئیمپریالیستیی، بە ملکەچبوونی ئەو گەلانەی دەستیان دەگرت بەسەریاندا، وازیان دەهێنا و هەندێک کاری باشەیان دەکرد، وەک کردنەوەی شەقام و دروستکردنی باخچە و، چەند خوێندنگەیەک بۆ دەمپێکوتکردنی ئەو گەلە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو گەلەی بەرەنگاریی دەکردن ، ئەوا دەکەوتە رۆژی رەشەوە، هەرچی خودای بەخشندە پێیناخۆش بوو، بەرامبەر بەو گەلە دەکرا، لە جێنۆساید و سووتاندن و وێرانکردن.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی، جێنۆساید لەهەندێ وڵاتێکی خۆراڤادا قۆناخێکی نوێ دەبڕێت و، کێشەکە، لە کێشەی نەتەوایەتی و رەگەزپەرستیدا نامێنێ، بەڵکو ئەمجارە ئایدۆلۆژی سیاسیی رۆڵی خۆی دەبینێ، بۆ جێنۆسایدکردن و سووتاندن و وێرانکردن، هەروەک پاش رووخاندنی رووسیای قەیسەری و هاتنی کۆمۆنیست بۆ سەر دەسەلات و، دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤێت، هەر کۆمەڵەیەک، یان نەتەوەیەک، کە بیروباوەڕێکی دژ بە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤێت و حیزبی کۆمۆنیستی هەبوایە، بە داتاشینی گەلێک بەڵگە و هۆ و بیانووەوە، جێنۆساید دەکرا. ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی

یەکێتیی سۆڤێت لەم ساڵانەی دوواییدا ئاشکرابوون و، دەیان گۆڕستانی ئەو جێنۆسایدکراوانە دۆزرانەوە.

پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، بیری نازیتیی لە ئەڵمانیا دروستبوو بە سەرۆکایەتیی هیتلەر. یەکەم کۆمەڵکوژی لەلایەن نازییەکانەوە، کۆمەڵکوژیکردنی جوولەکەکانە. وەک بینەرێک دەگێڕێتەوە و، دەڵێ: "نازییەکان، لەباتی بەکارهێنانی نەوت و گاز، فڕنیان بە لاشەی جوولەکە هەڵدەکرد. هەروەها کاتێ نازییەکانی ئەڵمان، شار و شارۆچکەیەکیان داگیردەکرد، دانیشتووانەکەیان لە گۆڕەپانێکدا مۆڵ دەدا و، نەوتیان بەسەردا دەکردن و، ئاگریان تێبەردەدان و، لەدەوریان هەڵدەپەڕین. ئەم کارە نامرۆڤانەیە بەبێ لێپرسینەوە و، دادگەییکردن. کوژراوەکان هەموویان ژن و پیاو و منداڵی بێتاوان بوون و، هیچیان چەکدار نەبوون، هەروەک کۆمەڵکوژییەکانی "ئەنفالی کورد" لەساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ ز لە باشووری کوردستان، لەلایەن بەعسی فاشیستەوە، کە بە دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیاوی بێتاوان گوللەباران کران، یان خنکێندران و، زیندەبەچاڵکران، بێ هیچ حیساب و تاوانێک و دادگەییکردنێک ولێپرسینەوەیەک. هەروەها کۆمەڵکوژییەکانی موسڵمانانی یوگسلاڤیا کە ناکۆکیی ئاینیی خرابووەپاڵ، بەڵام لەراستیدا وانەبوو، بەڵکو ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوە بوو. ئاین کرابووە پەردە بۆ شاردنەوەی ئەنجامدانی تاوانەکان.

ئەوەی باسمکرد، لەم چەند دێڕەدا هۆکار و فاکتەری ئاشکرا و ڕۆنە و، لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە، بەڵام لێرەدا چەندین فاکتەر و هۆکاری شاراوە هەیە کە زۆرکەس هەستی پێناکات، چۆنکە دەروونییە و، ئاشکرا نییە و نادیارە. گرینگترینی ئەو فاکتەر و هۆکارانە بریتین لە:

**1- ملکەچی و هێز ( Obedience and agency )**

ملکەچی بەمانای ئەوەدێت، کەسێک فەرمان بە کەسێکی دیکە بدات بۆ جێبەجێکردنی کارێک، جا ئەو کارە چاک، یان خراپ بێت.

کۆمەڵ هێز و دەسەڵات دەسپێرێت بە هەندێ کەس، زیاتر لە هەندێکی تر. لەزۆر کۆمەڵگەدا دەسەڵات و هێز سپێردراوە بە دایک وباوک و مامۆستا و بەڕێوەبەر. دەسەڵاتی هەریەکەیان جیاوازە لەوی تریان. واتە ئەندامانی خیزان ملکەچن بۆ فەرمانەکانی دایک و باوک. خوێندکار ملکەچە بۆ فەرمانەکانی مامۆستا. مامۆستا ملکەچە بۆ فەرمانەکانی بەڕێوەبەر، نەخۆش ملکەچی پزیشکە... و هتد. ئەم ملکەچییە هیچ کێشەیەک دروست ناکات، چۆنکە بۆ بەرژەوەندییە، بۆ کاری چاکەیە، نەک بۆ "خراپە".

## تا چ ڕادەیەک مرۆڤ ملکەچ دەکات بۆ دەسەڵات و هێز؟!

ئایا چی ڕوودەدات، ئەگەر داوا لە کەسێک بکەیت بە زۆر هەستێ بە ئەنجامدانی کارێکی ناپەسند و، خراپەی لێبکەوێتەوە؟! هەندێ کەس حەز بە جێبەجێکردنی کارێکی پڕکێشە و دەردیسەری دەکەن، ئەگەر فەرمانی پێبدرێت.

**"ئەدۆلف ئایخمان"**، تاوانبارە بەوەی کە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە بە دەرکردنی فەرمان بۆ جێنۆسایدکردنی جوولەکە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا. ئەدۆلف ئایخمان دانی نەدەنا بە تاوانەکەیدا و، نەیدەویست بڵێ، لەسەرەوە فەرمانی پێدراوە، چۆنکە لەو باوەڕەدا بوو، بە گوتنی، بچووک دەبێت. ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەدۆلف ئایخمان فەرمانی لەخۆی گەورەتری جێبەجێ نەکردایە، ئەوا تاوانی خیانەت دەخرایە پاڵی و، داداگەیی دەکرا و، دەکوژرا. واتە ملکەچیکردن دوو جۆرە! جۆرێکیان ملکەچی کردنە بۆ بەرژەوەندی و، جۆرەکەی دیکەشیان **ملکەچبوونی کوێرانەیە (Blindobedience)**

ملکەچیی کوێرانە ئەوە دەگرێتەوە، ژێردەستەکە لەسەرووی خۆیەوە فەرمان وەردەگرێت و، دەبێت جێبەجێی بکات، بەبێ بیرکردنەوە لەوە کە ئەنجامدانی، خراپە، یان چاکەی بەدواوە دەبێت. هەروەک سەربازەکانی بەشدار لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی، کە بە ملیۆنان کەسیان گوللەبارانکرد، بەبێ هیچ سووچ و تاوانێک و، بە هەزاران شار و شارۆچکەیان سووتاند و وێرانکرد، بێئەوەی تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤی و سۆزیان بەرامبەر ئەو خەڵکە ببزوێت. هەروەک جەللاد و بکوژەکانی بەعس کە لە ڕۆژێکدا بە سەدان لا و و پیر و ژن و منداڵی بێتاوانیان گوللەباران و، لەسێدارە دەدا و، زیندەبەچاڵیان دەکردن.

## هۆی چییە زۆرینەی خەڵک، ملکەچ دەکەن؟!

چۆنکە تاقیکردنەوەی ژیانیان فێریان دەکات کە هێز و دەسەڵات باوەڕپێکراوە و یاساییە و، ڕەوایەتیی هەیە. ئەمە ئەوە جەخت دەکات کە نێو خێزان - خوێندنگەیە. لەو خوێندنگەیەدا هەموو شتێک فێر دەبین. دایک وباوک هێندە دەکێشن بەسەری منداڵەکانیاندا کە دەبێت فەرمانی لەخۆیان گەورەتر جێبەجێ بکەن، تا ڕایان بهێنن لەسەر ملکەچیکردن، بێئەوەی ئاگادار بن، لەو فەرمان و کردەوەیان، چ ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە.

ئەو فەرمانانەی کە دەسەڵاتدار و خاوەن هێز دەریدەکەن، بە پلە و قۆناخ وچان دەگۆڕدرێت، **"بۆ لاپەڕە ١٠"**

**(ماوەی لاپەڕە ٩)**

له معقول (بەجێ) وه، بۆ نامعقول (نابەجێ). ئەمەش کارێکی گرانە بۆ جێبەجێکردنی، چۆنکه ناتوانن تێبینیی ئەوە بکەن، کەی ئەو "نامعقولەیان" پێدەسپێردری. هەروەها ملکەچ، جێگری (وکالە) ی پێدەسپێردری وەک ئامرازێکی هێزی لێدێت. ئەمەش لەسەر هەست و هەڵوێستی ئەو کەسانە وەستاوە کە لە حاڵەتی جێگریدا دوای کەوتوون.

**من تاوانبار و لێپرسراو نیم، تەنها فەرمانم داوە، یان فەرمانم پێدراوە!**

ئەمە، هەمووی بارێکی دەروونییە، چۆنکە زۆر حاڵەت بەسروشتی **(الایحاء)**، ڕاستەوخۆ **(Direct Inspiration)** دەدرێت بە کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک. چۆنکە ملکەچی لەخۆیەوە دروست نابێت. وەک باسمکرد، لەنێو خێزاندا هەڵدەقوڵێت و لە ئەنجامدا ڕەگ و ریشە دادەکوتێ، وەک جاشەکانی کوردستان کە ئەمانە خۆیان ئامادەییەکیان تێدا هەبووە و، سروشتیشیان ڕێگەی پێداون، هەڵسن بەو کارەی کە دەسەلاتدارێتیی بەعس، دەیانویست جێبەجێی بکەن پێیان. ئەم جاشانەی کوردستان زۆرترینیان لەدەوروبەری شارەکان دەژیان، کە ملکەچی تێیدا شتێکی ئاسایی و ڕۆتینییە، چۆنکە لە منداڵییەوە گوێچکەیان بەوە ڕاهێنراوە.

**"بەشی کۆتایی ئەم گوتارە،**
**لە ژمارەی داهاتوودا پێشکێش دەکرێت!"**

# ڕەگ و خاک

**ڕەشەبایەک هەڵی کرد و خۆم حەشاردا**
**دار بەڕوویەک پێم پێکەنی ....**
**- تۆ لەڕەشەبا ناترسی ...؟**
**X – من سەد ساڵە دژی ڕەشەبا دەجەنگم**
**من سەد سالە تەوری چەپەڵی ڕەشەبا**
**دەمبڕێت و هەر ناگاتە بنج و ڕەگم**
**من سەد ساڵە چۆلەکەی ئەوینی دەنگم**
**بەژێر تەوری ڕەشەباکاندا دەڕوا و**
**لە خەرمانی ڕووناکیدا چینە دەکا و**
**تێکەڵی خوڕەی ئاو دەبێ و**
**دیسانەوە لە توێی هەورێکدا نم نم**
**خۆشەویستیم دەداتێ ...**
**- پەنام نادەی تا ڕەشەبا تێدەپەڕێ؟**
**X ئێ دەفێربە چۆن بەرگەی ڕەشەبا بگری ...**
**- تۆ فێرم کەو دەرزی عەشقم پێ ڕەوان کە...**
**X لە قووڵایی ئەم خاکەدا ڕەگ داکوتە و**
**بژی و بژی ...**
**کە ڕەشەباش تەوری لە گەردنت سوی**
**ببە بە هەوری سوور و**
**دەس لە ملی دار و بەردی کوردستان کە ...**

## نەخشە

**کاتێ هاتم**
**دەرگاکانیان لێ داخستم**
**نامەیەکیان نایە مستم**
**پێیان وتم: بێ ولاتم.**
**بڕیارم دا بسووتێنم**
**ئەم نەخشەیەی ئەم دونیایە.**

**"لەتیف هەڵمەت"**

# گوتوبێژی رادیۆ رۆژاڤای کوردستان، لەگەڵ بەڕێز کاک قەیس بلباس، راهێنەری تیپی فوتباڵی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ!

**گوێگرانی دەنگی رادیۆ رۆژاڤای کوردستان!**

**ئەم کاتەتان باش. هیوادارین لەهەر کوێیەک هەن، بەشادی و تەندروستی ژیان ببەنە سەر.**

کۆچ و رەو و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و زێدی باوباپیرانمان، کە بەسایی سیاسەتی نگریسی داگیرکەرانەوە بەرسەر نەتەوەی کورددا سەپێندراوە، دیاردەیەکی کۆنە و، لە سەردەم و قۆناخی جۆراوجۆردا، گەلی کورد، بەردەوام تووشی ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لە نیشتمانەکەی بووەتەوە.

لەماوەی دە - پانزە ساڵی رابوردوودا، بەدەیان هەزار کورد، بەتایبەتیی لە باشووری کوردستانەوە، بەهۆی هەلومەرجی نالەباری نێوخۆییەوە، ناچاربوون ولاتی خۆیان جێبێلن و، بۆ پەیداکردنی ژیان و گوزەرانێکی باشتر وئاسوودەتر، روویان لە وڵاتانی ئورۆپایی کرد. زۆربەی ئەم ئاوارە کوردانە لە چینی لاوان پێکهاتوون و، پاش گەیشتنیان بە وڵاتانی ئۆرووپا و، پاش ئەوەی مافی پەنابەرێتیيان پێدراوە، هەوڵی خوێندن و کارپەیداکردنیان داوە. بەشێکی دیکەیان روویان لە وەرزش کردووە و، بەتاک، یان لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی دیکە، تیپی وەرزشییان پێکهێناوە و، بەنێوی کوردستانەوە، لە خولی سالانەی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین، بەشدارییان کردووە و، گەلێک جاریش سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

**یەکێک لەم تیپە وەرشییە چالاک و سەرکەوتووانە، تیپی تۆپی پێی کوردستانە لە وڵاتی نۆروێژ لە ئۆسلۆ. ئەم تیپە لە خولی ساڵانی ٢٠٠٦دا، پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و، بووە مایەی خۆشحاڵی کوردەکانی دانیشتووی نۆروێژ.**

بەپێویستمانزانی، گوتوبێژێک لەگەڵ راهێنەری دڵسۆزی تیپی کوردستان، **بەڕێز کاک قەیس نەجمەدین بلباس** دا ئەنجامبدەین.

**بەڕێز کاک قەیس نەجمەدین، ئەم کاتەتان باش. پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی سەرکەوتنی تیپەکەتان لە خۆلی ئەمساڵدا.**

تکایە سەرەتا، باسی مێژووی دامەزرانی تیپەکەمان بۆ بکەن، ئەم تیپە کەی دامەزراوە و، ئەندامانی تیپەکە، ئایا هەموو کوردی باشووری کورستانن، یان لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی تێدایە؟!

بەرلە هەموو شتێک سوپاستان دەکەم. خۆم بە بەختەوەر دەزانم، بۆ یەکەمجار لەهەموو ژیانمدا، لە رادیۆیەکی واخۆشەویستدا کە هاوبیر و هاوخوێن و، تێکەڵ بەبوونت نەتەوەیەک بێ و، بەبێ سانسۆر بتوانین لەسەر هەموو شتێکی نەتەوەی خۆمان بدوێین.

جا بەناوی خۆم وەک بەڕیوەبەر و بەرپرسیاری یانە و، بەناوی یەکەیەکەی بەڕێوەبارانی دەستەی یانە و، تێکرای یاریزانەکانی تیپی کوردستان، سوپاسێکی زۆر گەرمتان لێدەکەین و، دەستی ماندوویی نەناسیتان دەگوشین. ئێمەش سەرکەوتنی بەردەوام بۆ ئەم دەنگە رەسەنە - دەنگی رادیۆ رۆژاڤای کوردستان دەخوازین. ..

سەبارەت بەمێژووی دامەزراندنی "یانە" کەمانەوە پرسیارتان کرد. بۆ ئاگاداری ئێوە و بیسەرانی رادیۆی خۆشەویستی رۆژاڤا، یانەی کوردستان ساڵی ١٩٩٨ دروستکرا. لەساڵێ ١٩٩٩ تیپێکی دیکەشمان پێکهێنا بەناوی (قەلای کوردستان). لەساڵی ٢٠٠٣ شدا یانەی (چوارچرا) مان دامەزراند. بێگومان کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لە یانەکانماندا کۆکراونەتەوە. دواتر لەسەر ئەم بابەتە بەهوردی دەدوێین.

**پ:** چ شتێ ئێوەی هاندا نێوی کوردستان بۆ تیپەکەتان هەڵبژێرن و، ئاڵا و نەخشەی کورستان بەسەر جلی تیپەکەتانەوە بنەخشێنن؟!

**و:** دەتوانم بڵێم، ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە. بۆیە هۆمێد دەخوازم بتوانم بە تێروتەسەلی باسییکەم. لەسەرەتاوە ئاماژەم کردبێی، لەسالی ١٩٩٨ یانەکەمان لەلایەن چەند لاوێکی خوێنگەرم و خاوەن هەستی کوردایەتییەوە دامەزرا. ئەوکات بەتێکڕای دەنگ بڕیارماندا ناوی بنێین "کوردستان". ئاڵای سێ رەنگی کوردستانی لەسەر بێ و، نەخشەی کوردستانیش لەسەر دڵمان بێت. وەک باوەڕ و، پرنسیپ، بەر لە هەموو یارییەکیش هەموو دەست لە ملی یەکتری بکەین، هەموو بە یەکدەنگ هاوار بکەین: **"کینە ئەم؟ کوردین ئەم!" "بژی کورد و کوردستان!"**. وەک سوێندی شەرەف و خیانەت نەکردن، ئەو دروشمە هەر ماوە و، لەهەموو کێبەرکێیەکاندا دەیڵێینەوە.

ئەوە بوو توانیمان لە پلەی هەشتەمەوە یانەکەمان بگەیەنینە پلەی شەش، کە بەراستی ئەوە کارێکی زۆر هاسان نییە، چونکە مۆڵەتی یانەیەک وەردەگری، دەبێ لە پلەی هەشتەمەوە دەستپێبکەی. جا

خۆشبەختانە ئێستا لە پلەی (٦) ین. لەماوەی ئەو ٨ ساڵەدا، ئێمە توانیومانە دوو پلە ببڕین و، بچینە سەرترەوە. ئەو کەسانەی شارەزای یاریی فۆتباڵن، دەزانن کە سەرکەوتن لە پلەکاندا هاسان نییە، بەتایبەتیی لە وڵاتانی ئەوروپادا ئەوە هەر کارێکی زۆر دژوارە. دڵنیام پاش چەند ساڵی دیکە دەتوانین بگەینە ئەو پلەیەی کە مەبەستمانە. لەساڵی ٩٩ بەملاوە یاریزانیکی زۆر پێوەندییان بە تیپەکەمانەوە کرد. ناکرێ تۆش لە ٣٠ یاریزان لە تیپێکدا زیاتر کۆبکەیتەوە، بۆیە بڕیارماندا تیپێکی نوێی میللی دابنێین کە ئەوانیش ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە. تیپە نوێکەمان ناو نا **''قەڵای کوردستان''**. تیپی میللی لەچوار خولی وڵاتی نۆروێژدا بەشداریکرد. خۆشبەختانە لەدوو خولیدا پلەی مان بڕی. ئەوساڵیش سەرکەوتنمان بەدەستهێنا و، پێمان نایە پلەی (٦) وە. ئەوەش شادییەکی زۆری لەدڵی هەموو یاریزانەکان و کوردەکانی دانیشتووی ئۆسلۆ دروستکرد.

هەروەها بۆ یانەی کوردستانیش بڕیارماندا درۆشمێک هەڵبژێرین، وەک پرنسیپی یانەکە، لەپێش کێبەرکێیەکاندا بیڵێینەوە و، دەست لە ملی یەکتر بکەین و، بە یەکدەنگ هاواربکەین:

**(سوێند بەخوا، سوێند بە گۆڕی شەهیدان، بژی کورد و کوردستان!). ئەوەش لەبەر خیانەت نەکردن لەو ناوە پیرۆزە و ناساندنی نەتەوەیەک کە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن مرۆڤە و، بەزۆرەملی دابەش و لەتلەتکراوە و، زۆربەی زۆری دراوسێ و دوژمنەکانمان بەچاوی سووک و نزمەوە سەیری ئەم ناوە و خەلکەکەشی دەکەن. بۆیە بڕیارماندا لە هەموو یارییەکاندا، بە**




یەکەمی بەدەستهێنا و، لە خولی سێیەمدا پلەی دووەم و، لە خۆلی چوارەمیشدا پلەی چوارەمیان بەدەستهێنا، کە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو. پاشان بڕیارماندا ناوەکەی بگۆڕدرێ و دووربێ، لە بیری نێوچەگەری و کاریگەریی ئەوەشی هەبێ کە کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان لە ئامێز بگرێ و، کار و ئامانجی، زیاتر ناساندنی نەتەوەکەی خۆی بێت. ئەوە بوو بەتێکڕای دەنگ، نێوی لێنرا یانەی **''چوارچرای کوردستان''**. لەساڵی ٢٠٠٣ وە، مۆڵەتی ڕەسمییان بۆ یانەکەمان وەرگرت و، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سەرەتا لە خولی (٨) ەوە دەستمانپێکرد و، پاش ماندووبوونێکی زۆر، خولی (٧)

**دۆڕاندن، یان سەرکەوتن، دەست لەملی یەکتری بکەین و ئەو درۆشمە پیرۆزانە بڵێینەوە و، تەنانەت ئەگەر دۆڕاندیشمان، پیرۆزبایی لە بەرامبەرەکەمان بکەین. گرنگ ئەوەیە بەو تیپانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، پێیان بڵێین، ئێمە کوردین و، خاکەکەمان کوردستانە و، هیچمان لە نەتەوەکانی دیکەی دنیا کەمتر نییە، ئێمەش تێدەکۆشین، وەکو ئێوە، ببین بە خاوەنی ئاڵا و خاکی خۆمان، لەو پێناوەشدا درێخی ناکەین.**

**پ: پێداویستییەکانی تیپەکە، وەک گۆڕەپان و، جلوبەرگ و تۆپ و، هاتوچۆکردن بۆ کێبەرکێ لەگەڵ تیپەکانی دیکە، چۆن و لەکوێوە دابین دەکرێن؟!**

**و:** بەڕاستیی ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە! هەموو کاتێک گەورەترین کێشەی ئێمە وەکو گەنجی کورد لە ئەورووپا پشتگیری نەکردن بووە لەلایەن سەرمایەدارەکان و حیزبە سیاسییەکانی کوردەوە. لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی دەتوانن یارمەتی بکەن، بەڵام کەمتەرخەمن. ئێمە لەڕاستیدا، پشتمان بەخۆمان بەستووە و، یارمەتیمان لە هیچ حیزب و گرووپێک وەرنەگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئازادانە هەستی نەتەوەیی خۆمان دەرببڕین. کاتێ مۆڵەتی یاریکردن لە فیدراسیۆنی فۆتباڵی نۆرویژ وەردەگری، دەبێ بۆ ماوەی چوارساڵ بتوانی خۆت بژێنیت. هەروەها دابینکردنی جلوبەرگ و، پێداویستییەکانی دیکەی وەک دانی پارە بۆ یاریکردن لە یاریگەی زستانە و هاوینە و، دانی پارە بە نێوبژیوانی ئەو کێبەرکێیانەی لە گۆڕەپانی ئێمەدا ئەنجامدەدرێن، هەروەها مەسرەفی هاتەچۆکردن هەمووی لەسەر حیسابی خۆمانە. بۆ جێبەجێکردنیشی، هەموو ساڵێک، لە کۆبوونەوەی گشتیدا، باس و لێدوان سەبارەت بە مەسرەفی ساڵانەمان دەکەین و، هەر یاریزانێک چەندەی بەرکەوێ، بە خۆشحاڵییەوە لەسەر مێزەکەی دادەنێت. بەم جۆرە مەسرەفی ساڵانەی تیپەکەمان لەنێو خۆماندا کۆدەکەینەوە و، خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ساڵی داهاتوو. بەڕاستی ئەگەر ئەو هەستی لەخۆبوردووییە لەنێوخۆماندا بەکار نەهێنین، ئەوا دەبێ چاو شۆڕبکەین بۆ حیزبەکان و، ببین بە وابەستەی ئەوان، ئەوجا دەبێ بەپێی ویست و بۆچوونی ئەوان دروشم و شێوازی جلوبەرگی تیپەکەمان بگۆڕین. لەبەر ئەوە ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە، ئەو ئاڵا پیرۆزەیە و، ئەو جەماوەرەیە کە بە خۆشحاڵییەوە بە لێشاو رومان تێدەکەن و، یارمەتیمان دەکەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، لەرێگەی دەنگی رادیۆ رۆژاڤای نەتەوەیی خۆشەویستەوە، سوپاسی هەموو جەماوەری کورد بکەم، لەهەموو خۆشکان و برایان و کوردەکانی دانیشتووی ئۆسلۆ و دەوروبەری، لە دەوروبەری ئەو یاریگەیە کۆدەبنەوە و، لەنێزیکەوە ئاگاداری چالاکییەکانمانن. هەروەها لەنێویاندا کەسانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر هەن کە پێوەندی دەگرن و، داوای ژمارە حیسابەکەمان دەکەن کە بتوانن یارمەتی یانەکەمان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆری دانیشتووانی کورد لە ئۆسلۆ و دەوروبەری، ئەو یارمەتییانە وەک دڵۆپێک وایە لە دەریایەک. هیوادارین لەداهاتوودا خەڵکێکی زیاتر لامان لێبکەنەوە و، بتوانین بەرێگەی وەرزش، خزمەتی وڵاتەکەی خۆمان بکەین و، خۆمان بەدنیا بناسێنین.

**پ: بەڕێز کاک قەیس، ئێمە پرسیارێکی دیکەمان نەماوە. ئەگەر ئێوە وتەیەکتان هەبێ، سەبارەت بە تیپەکەتان باسی بکەن، یان بەرێگەی رادیۆ رۆژاڤاوە پەیامێکتان هەیە، تکایە بیفەرموون!**

**و:** زۆر سوپاستان دەکەم. گەورەترین خەونی من ئەوە بوو، بەرێگەی دەنگێکی واڕەسەن، بەبێ سانسۆر بتوانم باس لە خاک و زیدی باوباپیرانی خۆم بکەم. بەڕاستی قسە گەلێک زۆرە، خەونی گەورە گەلێک زۆرە. هیوادارم ئێوە لە جیاتی ئێمەش بتوانن کار وئەرکی نەتەوەیی و بیری رەسەنی کوردایەتیی بۆ پێشەوە بەرن. هیوادارم تەلەفزیۆنێکی چاکی بەدواوەبێت. من قسەیەکی دیکەم نییە، تەنیا ئەوە دەڵێم کە خەونی هەموومان دروستبوونی نەتەوە و وڵاتێکە، دروستبوونی پەساپۆرتی کوردی و، سنوورێکی کوردییە. ئەگەر خەبات و خەونی ئێمە ئەوڕۆکە نەیەتەدی، دڵنیام تێکۆشینمان تا سەت و هەزار ساڵی ترە، بۆیە لێرە **حەزدەکەم دەستی مامۆستای گەورە، مامۆستا پەشێو ماچ بکەم و بە شیعرێکی ئەو، کۆتایی بە گوتوبێژەکە بێنم!**

**رۆژباش کچانی.......**

**رۆژباش،**
**کچانی سەد ساڵ لەمەوپاش!**
**رۆژ باش،**
**رۆژباش کوڕانی سەد ساڵ لەمەوپاش:**
**چاوەڕێم کەن،**
**واتێنەگەن هێندە دوورم....**
**ئەو بەڵێنەی بە ئێوەم دا،**
**هەنووکەش لەسەری سوورم.**
**چاوەڕێم کەن،**
**نابێ، ناشی نەتانبینم**
**مەپرسن کەی،**
**مەپرسن چۆن.**
**گومان مەکەن لە زڤڕینم**
**لەوانەیە**
**رۆژی نەورۆز،**
**وەک پنچکێک گیا،**
**لەسەر گردی مەلا مەروان بژێیمەوە**
**رەنگە شەوێک**
**لەگەڵ تیشکی بروسکەدا**
**داپەڕمە خوار و بێمەوە**
**بێنێک وەکو تاپۆی "ئاڵا"**

**لەبەر چاوان بشنێمەوە.**
**لەوانەیە،**
**هەر دوای رێژنە بارانێکی سەربە کڵاوە،**
**لەداوێنی ئەسپینداریک،**
**وەکو کارگێک هەڵبتۆقم.**
**یا لەدەشتی کاولە قەراج**
**شین بم وەکو گوڵەجۆیەک،**
**یا لەگەرمەی رەشبەڵەکدا،**
**بترنجێمە ناو ئاپۆرە و**
**لەپڕ بێمە دەستی دۆیەک.**
**رۆژباش!**
**کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش....**
**رۆژباش!**
**کوڕانی سەد ساڵ لەمەو پاش:**
**کە منتان دی،**
**بانگم بکەن**
**بۆ سەرسفرەی پڕی خۆتان.**
**من دڵنیام**
**نانی ئێوە، تامی خوێن و رۆندک نادا.**
**با شەوێکیش بە ئارامی**
**بنووم لەناو پێخەوتانا -**
**لەم ژینەدا هەرچەند گەڕام بەدنیادا،**
**پێخەوی من**
**یا کەڵەکی سەر شەپۆل بوو،**
**یا لکێک دار لەبەردەمی رەشابا دا!**
**لێم گەڕێن، جارێک،**
**لە چەقی رێگە، بەرۆژی رووناک،**
**بێ فتوای مەلا و ئیزنی عەشیرەت،**
**لەترسی رەها، لە تانە بێباک -**
**تێر ئاوێزانی کچە کوردێک بم**
**هەناسەی، بۆنی نێرگزی لێ بێ،**
**بەری دەستیشی تام و بۆنی خاک.**

*　　*　　*

**رۆژباش،**
**کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش!**
**رۆژباش،**
**کوڕانی سەد ساڵ لەمەو پاش:**

**تکا دەکەم،**
**بۆ ئەم رۆژە،**
**رۆژی زڤرین، یا داپەڕین،**
**رۆژی شین بوون، یا هەڵتۆقین -**
**پەساپۆرتێک بۆ من دانێن.**
**گرنگ نییە!**
**با ئەستووربێ یا تەنکۆکە،**
**بالاکێش بێ، یا چوارگۆشە...**
**گرنگ نییە!**
**چۆنی دەڵێن، با ئاوابێ:**
**زەردبێ، سووربێ،**
**شین بێ، مۆربێ،**
**یا رەشێکی وەک قەتران بێ...**
**لەم ژینەدا بەحەسرەت بووم،**
**تەنیا رۆژێک**
**پێناسێکی زێدی خۆمم لەگیرفان بێ!**
**رۆژباش،**
**کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش،**
**رۆژباش،**
**کوڕانی سەد ساڵ لەمەو پاش!**

جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەم و، هەزاران سلاو لە مامۆستای گەورە، مامۆستا پەشێو دەکەم کە بەڕاستیی خۆم بە بچووکترین قوتابی ئەو کەڵە شاعیر و مرۆڤە نەتەوەییە گەورەیە دەزانم. هیوادارم تەمەنی درێژبێت. لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە تەمەنی هەموو نەتەوەییەک درێژبێت، بەتایبەتیی گەورەترین مێژوونووسی کورد – مامۆستا جەمال نەبەز، لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست و، هەموو مرۆڤێکی نەتەوەیی کە ژیان و کاتی خۆیان بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەکەیان تەرخان کردووە. لەکۆتاییدا سوپاس و رێز وخۆشەویستیم هەیە بۆ بەڕێز سیروان کاوسی کە بەڕاستیی زۆر ماندووە و، سوپاسیشی دەکەم بۆ رێخستنی ئەنجامدانی ئەم گوتوبێژە.

**ئێمەش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەین کاک قەیس گیان. هیوای سەرکەوتنیشتان بۆ دەخوازین، بۆ ئێوە و، بۆ تیپەکەتان!**

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێوەبەر و راهێنەری تیپی قوتباڵی کوردستان، رێزدار کاک قەیس نەجمەدین بلباس و بۆ یەک بە یەکی ئەندامانی تیپی هەمیشە خۆشەویستی کوردستان دەخوازین.

# پەیڤێکی کورت، سەبارەت بە دادگەییکردنی سەددام و داروودەستەکەی، بە تاوانی ئەنجامدانی "ئەنفال" کردنی کورد!

**هاووڵاتیانی نیشتمانپەروەر و زۆرلیکراوی کورد**

لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا، سەددام حسێن و رژێمەکەی، بە یەکێک لە دڕندەترین و ستەمکارترین دوژمنەکانی کورد دەژمێردرێت. رژێمی سەددام، بەپێڕەوکردنی بیری رەگەزپەرستانەی عەرەبی، نەخشەی لەنێوبردنی نەتەوەی کوردی داڕشت و، بە هەموو جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ و، بەربەندکراوی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، کەوتە کوشتن و بڕین و، بێسەروشوێنکردنی سەتان هەزار ژن و منداڵی و پیر ولاوی بێتاوان و بیدەسەڵاتی کورد.

کیمیابارانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان و، ئەنجامدانی کارەساتی "ئەنفال"، وێرانکردنی پتر لە پێنج هەزار گوند، دەرکردنی کورد لەسەر خاکی باوباپیرانی و، نیشتەجێکردنی عەرەب لەجێیان، هەڵێنجان و تاڵانکردنی کان و کانزا و سەروەت و داهاتی سەرزەوی و ژێر زەوینی کوردستان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد و، سووکایەتیکردن بە ژنان و  کچانی بەرۆمەتی کوردەواری و، پێشێلکردنی هەموو رەوشت و یاسایەکی مرۆڤانە، لەریزی ئەو کردەوانەدا بوون کە سەددام و رژێمەکەی، لەماوەی دەسەڵاتداریێتییاندا بەرامبەر گەلی کورد نواندیان.

ئەورۆ، سەددام حسێن، بە تاوانی ئەنجامدانی کارەساتی ئەنفالکردنی دووسەت هەزار کورد، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. بێگومان، هەموو رۆڵەیەکی بەشەرەف و خاوەن هەستی کورد، خوازیاری لە سێدارەدانی ئەو دڕندە خوێنخۆرەیە، هاوکات نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، تێکڕای ئەو فەرماندە و ئەفسەرانەی سوپای بەعس، کە راستەوخۆ لە کیمیاباران و راماڵین و جێنۆسایدکردنی گەلی کورددا دەستیان هەبوو،دەبێ بدرێنە دادگە و بەسزای تاوانەکانیان بگەن. هەموو ئەو سەرۆک جاشە کوردانە کە، شان بە شانی سوپای دڕندە و داگیرکەری عەرەب، لەتاڵانکردن و راماڵدان و کوشتنی گەلی کورددا دەستیان هەبوو،دەبێ بدرێنە دادگە و بە سزای تاوانەکانیان بگەن.

هەروەها، پێویستە لەدادگەیەکی بێلایەن و، سەربەخۆی کوردستانیدا، لێکۆڵینەوەی هورد لەچۆنێتیی هاوکاریکردنی "خاوەن فایلیکان!!" لەگەڵ رژێمی دڕندە و داگیرکەری بەعسی رەگەزپەرست دا بکرێت و، پاش رۆنبوونەوەی خیانەتیان بۆ گەلی کورد، نێوەکانیان و، جۆری تاوان و خیانەتەکەیان بۆ نەتەوەی قوربانیلێدراوی کورد، ئاشکرا بکرێن و، بەپێی رادەی تاوانەکانیان سزایان بۆ ببڕدریتەوە. لەو رێگەیەشدا، کاربەدەست و سەرۆکی هەر حیزبێکی کوردیی، ویستی هەر بکوژ و تاوانبارێک کەلەنێو حیزبەکەیدا بەرپرسیارەتیی هەبووە، یارمەتی بدات و، رزگاری بکات، ئەوا لەلایەن گەلی کوردەوە، بەهاوبەش و شەریکی تاوانەکان و تاوانبارانی داگیرکەر نێوببرێت و، لەدژیان خۆپێشاندان ریکبخرێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین، تۆڵەی شەهیدان لە بکوژانی گەلەکەمان بستێنینەوە".

قەرەبووکردنەوەی خوێنی شەهیدان،وەک هێندێک کەس و لایەن بۆ چەواشەکردنی بنەماڵەی شەهیدان و، گەلی کورد دەیڵێن، بە داوای لێبوردنی درۆزنانەی چوار سەرکردەی رەگەزپەرست و هەلپەرستی حکوومەتی عێراقی نوێ، ناکرێتەوە، بەڵکو بەوە دەبێت، هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لە تاوانەکاندا هەبووە، سزا بدرێن.

دامەزراندنەوەی دەولەتی نوێی عێراق، لەلایەن یەکێتیی و پارتییەوە، گەمە و گاڵتەکردنێکی ئاشکرا بوو بە خوێنی شەهیدان و، بە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان.

سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدان، تەنیا و تەنیا بەوە دەکرێتەوە، گەلی کورد لە بندەستی و کۆیلەتی رزگار بکرێت. خاکی پیرۆزی کوردستان لە پۆستاڵی رەش و نگریسی داگیرکەرانی فارس و عەرەب و ترک، پاک بکرێتەوە و، کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دابمەزرێندرێت. سەروەت و سامانی کوردستان، لەلایەن دەسەلاتێکی پاک و دڵسۆز و پسپۆڕ و نیشتمانپەروەرەوە، سەرفی ئاوەدانی وڵات و،دامەزراندنی کوردستانێکی بەهێز و مۆدێرن و سەربەخۆ و ئازاد و پێشکەوتوو بکرێت. تەنیا لەم رێگەوە دەتوانین پێش بە ماڵوێرانی و قەڵاچۆ و کۆچوڕەو و ئەنفال و، سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، لەلایەن داگیرکەرانەوە بگرین.

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی رزگاریی یەکجاریی کورد و کوردستان!**

**هەر بژی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و، سەربەخۆ!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٨ /١٢/٢٠٠٦**

# ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەروانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە

**نووسینی: سیروان کاوسی**

**(٢١)**

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەس و، بڵاوبوونەوەی پەیامی بەرواڵەت ئاشتیخوازانەی ئایەتوڵڵا خومەینیی، پێشمەرگە گەڕانەوە بۆنێو شارەکان و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بوونەوە. نووسینگەی حیزبی و بنکەی پێشمەرگە لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی – بەدێمۆکرات و ئیسلامی و چەپ و سوپەرچەپەوە کرانەوە. بەپێی ڕێککەوتنێک لەنێوان شاندی کورد و شاندی ڕژێمدا کرابوو، نەدەبوو هیچ لایەکیان لەنێو شارەکاندا بە چەکەوە هاتوچوو بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆڵی شارەکان و پاراستنی ئاسایش و بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتیی، کەوتنە دەستی کورد خۆیەوە. هۆکەشی ئەوە بوو، ئەو بارودۆخە لە ئەنجامی ئازایەتیی پێشمەرگە و، بەشەڕ و بەزەبری چەک و، پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئێران لە شار و مەڵبەندەکاندا هاتبووە کایەوە، نەک بە گوتوبێژ!

**ئەندازیار عێزەتوڵڵا سەحابی – ئەندامی "شاندی نیاز باش" (هیئت حسن نیت)**ی ڕژێم، سەبارەت بە هۆکاری ڕاگەیاندنی "ئاگربەس" و، پەیامەکەی ئائەتوڵڵا خومەینی بۆ ئەنجامدانی گوتوبێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورد، لەوتووێژی لەگەڵ گۆڤاری فارسیزمانی **"چشم انداز ایران" (دیمەنی ئێران)** – ژمارەی نەورۆزی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی (٢٠٠٣ی زاینی)، لاپەرە ٦٦ دا دەڵێ:

(ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە کوردستانەوە گەڕاینەوە بۆ تاران. هێشتا کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی، پاش لاچوونی دەوڵەتی کاتی، بەتەواوەتیی دانەمەزرابوو. لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ چوومەلای ئیمام و، ڕاپۆرتێکم سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان پێشکێش کرد و گوتم: "خەڵکی کورد دەیانەوێ لەگەڵ حکوومەتدا بن، بەڵام ڕێکخراوەکان جەوێکیان پێکهێناوە کە خەڵکەکە ناوێرن قسەی خۆیان بکەن. ئێستا ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە بەشەڕ بێین، ئەوا خەڵکەکە لەپشتیان ڕادەوەستن و، لە نێوچە شاخاوییەکاندا تووشی شەڕێکی درێژخایەنی پارتیزانی دەبینەوە، کە ئەنجامی باشی بەدواوەنابێت".

بەڕێز خومەینی پرسیاری کرد: "ئێستا چ دەتوانین بکەین؟!" گوتم، پێشنیازی من ئەوەیە ئێوە ئاگادارییەک بڵاوبکەنەوە و **"استمالتی از مردم کردستان بکنید"** (بەدانی بەڵێن و گفتی شیرین، خەڵکی کوردستان دڵخۆش بکەن)، چونکە خەڵکەکە بەهۆی کوشتوبڕەکانی خاڵخاڵی و بۆمبابارانەکانەوە ڕەنجاون...". ئیمام خومەینی گوتیان لەسەر ئەم بابەتە بیردەکەنەوە. ئەز گەڕامەوە و، لەڕادیۆوە گوێم لە پەیامەکەی بەڕێز خومەینی بوو کە بە **"پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر"** نێوبانگی دەرکرد...!

ئەندازیار سەحابی هەروەها سەبارەت بە شێوەی دەستپێکردنی وتووێژەکان لەگەڵ دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد، دەڵێ:

**"برسر خواستههایشان هم چندباری با آنها مذاکره کردیم. اول با دموکرات ها مذاکره نمودیم. فروهر هم بود. قاسملو و غنی بلوریان و شرفکندی و دو نفر دیگر. مذاکراتمان با دموکرات ها خیلی پیش رفت. گفتیم ما با کسی که سلاح برداشته و می جنگد، مذاکره نمی کنیم. ما با کسی مذاکره می کنیم که سلاح را برزمین گذاشتهاست. حزب دموکرات خیلی زود این را پذیرفت و اعلامیه داد. همیشه حزب دموکرات با ما همراه بود. آقای عمویی و مرحوم شلتوکی از حزب توده با ما ملاقات داشتند، می رفتند با کردها صحبت می کردند. آنها مواضع حزب دموکرات را تائید می کردند، اما کومله زیربار نمی رفت، شدیدا در موضع تجزیهطلبی بود. حزب دموکرات با کومله رقابت و مبارزه می کرد. کوملهای ها اسلحه را زمین نمی گذاشتند. یک شب در سردشت رفتیم در کوهستان ها. چون جای مذاکره را آنها تعیین می کردند. جلال طالبانی هم واسط ما**

**بود. کوملەای ها، عزالدین حسینی و فدایی ها یک طرف بودند.... از دموکرات ها هم دوتا بودند. تا صبح حرف زدیم. عزالدین حسینی زیربار نمی رفت. جاەطلب و بازیگر بود. ما می گفتیم اسلحە را زمین بگذارید تا ما با شما مذاکرە کنیم. شیخ عزالدین می گفت : "شما مذاکرە را شروع کنید، ما کم کم اسلحە را زمین می گذاریم" ...... بیرون جلسە یک بار یکی از بچەهای خودمان بە رضا ناجیان گفتند، شما چرا با اینها مذاکرە می کنید؟ ناجیان گفت: "سیاست ما فعلا این است. ما می خواهیم مردم را از آنها جدا کنیم. آنها جو درست کردەاند و مردم را ترساندەاند. ما کە بالاخرە با آنها می جنگیم، اما باید مردم را از آنها جدا کنیم. آقای خمینی هم این سیاست ما را پذیرفت....".**

کوردییەکەی:

(ئێمە سەبارەت بە داخوازییەکانیان، چەندین جار گوتوبێژمان کرد لەگەڵیان. لەپێشدا لەگەڵ دێمۆکراتەکان کۆبووینەوە. **داریووش فرووهەریش** لەگەڵمان بوو. **قاسملوو و غەنی بلووریان و شەرەفکەندی** و دووکەسی دیکەش بوون. دانیشتین و، گفتوگۆکانمان لەگەڵ دێمۆکرات زۆر پێشکەوت. ئێمە گوتمان لەگەڵ کەسێک چەک هەڵگرێ و جەنگ بکات، دانووستان ناکەین، ئێمە لەگەڵ کەسێک کۆبوونەوە دەکەین کە چەک دانێت. حیزبی دێمۆکرات زۆر زوو بەمە رازی بوو و، بەیاننامەشی لەو بارەوە بڵاوکردەوە. حیزبی دێمۆکرات هەمیشە لەگەڵمان هاودەنگ بوو. بەڕێزان **"عەموویی" و "شەڵتوکی"** لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە لەگەڵمان پێوەندییان هەبوو، دەچوون لەگەڵ کوردەکان قسەیان دەکرد – ئەمانیش هەڵوێست و روانگەی حیزبی دێمۆکراتیان لا پەسند بوو، بەڵام کۆمەڵە ملی نەدەدا و، هەڵوێستی جیاییخوازیی توندی هەبوو. حیزبی دیمۆکرات دژی کۆمەلە رکەبەرایەتی دەکرد. شەوێک لە **"سەردەشت"** چووین بۆ نێو کوێستانەکان (کوردەکان شوێنی کۆبوونەوەکانیان دیاریدەکرد). **"جەلال تاڵەبانی"** ش نێوبژیوان بوو. **کۆمەڵەییەکان، عێزەدینی حسێنی و فیدائییەکان** لەبەرەیەکدا بوون. لە دێمۆکراتەکانیش دووکەسیان بەشداربوون. دەمەتەقێ و لێدوانەکانمان تا دەمەوبەیان درێژەی کێشا. عێزەدینی حسێنی نەدەهاتە کەوانەوە، دەسەلاتخواز و فێڵزان بوو. ئێمە دەمانگوت چەکەکانتان دابنێن تا لەگەڵتان گوتوبێژ بکەین! بەڵام شێخ عێزەدین دەیگوت: "ئێوە گوتوبێژ دەستپێبکەن، ئێمەش بەرە بەرە چەک دادەنێین...!". لەدەرەوەی کۆبوونەوە، جارێکیان کەسێک لە هاوڕێیانی خۆمان لە **"رەزا ناجیان"** ی پرسی: **"ئێوە بۆ لەگەڵ ئەمانە گوتوبێژ دەکەن؟ (دیارە نێوەکە خوازراوە و، دەبێ ئەم کەسە ئەوکات کاربەدەستێکی سوپای پاسدارانی ئیسلامی، یان ئیتلاعات بووبێ – ن.)** رەزا ناجیان گوتی: **"سیاسەتی ئێستامان وادەخوازێ، ئێمە دەمانەوێ خەڵکیان لێ دوور بخەینەوە. ئەوانە جەوێکیان پێکهێناوە و خەڵکیان ترساندووە. دواڕێگەچارەمان شەڕکردنە لەگەڵیان. بەڵام پێویستە لەپێشدا خەڵکیان لێ جیابکەینەوە. بەڕێز خومەینیش ئەم سیاسەتەی ئێمە، بەجێ و گونجاو دەزانێت!).**

هەندازیار سەحابی هەروەها لەدرێژەی گوتوبێژەکەی لەگەڵ گۆڤاری چشم انداز ایران (دیمەنی ئێران) دا دەڵێ:

**"سەرتاسەری وەرزی زستانمان بەسەردانی جارجارە و، دانیشتنی نیوەڕەسمی و قسەوباسی لابەلاوە بردەسەر. کاری ئاوەدانییش ئەنجامدەدران کە زیانی زۆری بەدواوە بوو، چۆنکە کۆمەڵە دژایەتی و دوژمنایەتی زۆری لەگەڵ دۆستانی ئێمەدا دەکرد و، رێگەی نەدەدان کاربکەن. دوکتۆر قاسملووخۆی لایەنی گوتوبێژ بوو لەگەڵ ئێمەدا. زۆر لایەنگری "خودموختاری" بوو. ئێمە دەمانگوت، واتای خودموختاری، جیابوونەوەخوازییە! بەڵام ئەو دەیگوت، وانییە و، وڵاتانی فدراتیڤی وەک ئەڵمان و ئەمریکای بەنموونە دەهێنایەوە....".**

سەحابی درێژە بە قسەکانی دەدا و، دەڵێ: **"رۆژی دووایی لەتەلەفزیۆنی ئێران گوتوبێژێکیان لەگەڵم ئەنجامدا و، لەوێ رامگەیاند: "من ئەگەر بەخشینی خودموختاری بۆ کوردستان پەسند بکەم، وەک ئەوە وایە پێم بڵێن وەرە با هەردوو دەستت ببرینەوە! ئەز ئامادەم هەردوو دەستم بەبرین بچێ، بەڵام ئامادەنیم خودموختاری بۆ کوردستان ئیمزا بکەم!".**

هەندازیار سەحابیی، بێپەردە و بەئاشکرا نیاز و هەڵوێست و روانگەی خۆی و کاربەدەستەکانی دیکەی ئێران،

بەرامبەر بە کورد و مافەکانی لەو سەردەمەدا دەخاتەڕوو، کە ئەوەش نابێ بەلامانەوە جێی سەرسووڕمان بێت، چۆنکە لەداگیرکەرانی کوردستان هەر ئەوە چاوەڕوانکراوە و دەکرێت، بەڵام لەنێو قسەکانیدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ: "بەڕێزان عەموویی و شەڵتۆکی لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە لە گەڵمان لەپێوەندیدا بوون و، دەچوون لەگەڵ کوردەکان قسەیان دەکرد!".

**دیارە نەخش و رۆڵی پێسپێردراوی حیزبی توودە ئەوە بوو، کار بکاتەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە لەو سەردەمەدا گەورەترین حیزبی جەماوەری و چەکداری بوو لە کوردستان، تا رازی بکات چەک دابنێت و، گوایە بەڕێگەی دیالۆگ و وتوویژەوە تێبکۆشێت بۆ وەرگرتنی داخوازییەکانی لەرۆژهەلاتی کوردستان. ئەرکێکی دیکە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرەورووی حیزبی توودە کرابووەوە ئەوە بوو، تا لە تاران کار بکاتەسەر رێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران و، بەرەو سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هانیبدات لە کوردستانیش، هەڵوێستی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یەکبخا و، بەبۆچوونی وان، لەهەڵوێستی توندڕەوانەی کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عێزەدین دوور بکەوێتەوە و، هێزوتواناکانیان یەکبخەن بۆ پارێزگاریکردن لە ئێران و کۆماری ئیسلامیی، کە لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانیی، بەسەرکردەیەیی ئەمریکاوە، بەربەرکانێ و دژایەتیی دەکرێت.**

**حیزبی توودە لە جێبەجێکردنی هەردوو ئەرکی پێسپێردراویدا، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چۆنکە بەماوەیەکی کەم پاش کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبی توودە و، چریکە فیداییەکانی ئێران، لەنێویاندا ناکۆکیی سەریهەڵدا و، رێکخراوەکەیان بوون بە دوو کەرتەوە و، زۆرینەیان بەنێوی "اکثریت" چوونە پاڵ حیزبی توودەوە و، بەشی کەمینەیشیان (اقلیت)، لە کوردستان مانەوە، کە زۆربەیان کورد بوون و، نەچوونە ژێر گوشاری سەرکردەیەتیی حیزبەکەیان و، درێژەیان بە خەباتی سیاسی و، چەکدارییان دا، لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە بەدواوە حیزبی دێمۆکرات و چریکە فیداییەکان، لەئاستی کوردستاندا هاودەنگی و هاوکاریی تەواو لەنێوانیاندا دەستپێیکرد. بەشی زۆرینەش بەلاساییکردنەوە لە حیزبی توودە، راستەوخۆ بوونە زورناژەنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و، بەئاشکرا دژایەتیی بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستانیان دەکرد. لەنێوخۆی کوردستانیشدا، باڵی حیزبی توودەی نێوحیزبی دێمۆکرات، کەوتنەخۆ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی هاوبەشی حیزبی توودە و کۆماری ئیسلامی و، بەنەخشە و بەراسپاردەی حیزبی توودە، دەیانویست حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دەستپێکردنەوەی دووبارەی شەڕی چەکداریی دووربخەنەوە و، بیخەنە بەرەی دژایەتیکردنی شێخ عێزەدین و کۆمەڵەوە و، لە ئەنجامدا بتوانن یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و، دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد، لاواز بکەن و، لەنێوخۆیدا تێکی بشکێنن .**

وتەکانی سەحابی و هەوڵی هاوبەشیان لەگەڵ حیزبی توودە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بەپێی ویست و دڵخوازی ئەوان، ئەو راستییەمان جارێکی دیکە لائاشکرا دەکات کە حیزب و سیاسەتکارانی گەلی فارس، هەرکاتێک هەستیان بەمەترسی کردبێ بۆ سەر بەرژەوەندی و ئامانجی داگیرکاری و رەگەزپەرستانەیان و، ئەوەی نێویانناوە **"حفظ تمامیت ارضی ایران"**، بەچەپ و راست ودێمۆکراتیانەوە، یەکیانگرتووە و ناکۆکییەکانی نێوانیان خستووەتەلاوە. هەروەک سێ مانگ پێش راگەیاندنی **"ئاگربەس"** و، لەکاتی دەرکردنی **"فتوابەدناوەکەی خومەینی لەدژی نەتەوەی کورد"**، رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران لە رۆژنامەکەیاندا **"موجاهد"** نووسییان: **"ئەگەر ئیمام ئیزنیان بدا، دژە شۆرش لە کوردستاندا سەرکوت دەکەن!"**.

هەر لەسەروبەندی **گاڵتەوگەمەی بەنێو وتوویژ (مذاکره)** دا، رژێم کەوتە هەوڵ تا هێز و چەک وتەقەمەنیی پێویست بگەیەنێتە نێو پێگە و سەربازگەکانی لەنێوخۆی کوردستان و، بۆ جێبەجێکردنیشی، پێشوەخت لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا رێککەوتبوون، بەڵام زۆربەی دانیشتووانی شارەکان، بە شک وگومانەوە دەیانڕوانییە هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕپێکردنی هێزەکانی رژێم و، لەو باوەڕەدا بوون کە دەولەتی ئێران، لەکەش و هەوای گوتوبێژ کەڵکوەردەگرێت بۆ ئامادەکردن و بەهێزترکردنی سوپا و جبەخانەی لە کوردستان. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش بەهاندان و رێکخستنی نارەزایەتیی خەڵک و لایەنگرانی خۆی، لەسەر

رێگەی هێزەکانی ئێران، مانیان دەگرت و، پێشیان بەچوونی هێزەکانی رژێم بۆنێو سەربازگەی شارەکان دەگرت. کاروانی هێزەکانی ئێران لەژێر چاودێری و پارێزگاریکردنی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا دەچوونە نێو سەربازگەکانەوە. دیارە هەموو پێشمەرگە و کادری حیزب لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی سەرکردەیەتییان هاودەنگ نەبوون و، بەشێکیان لەهەل و دەرفەت دەگەڕان تا دەست له کاروانی چەکدارەکانی رژێم بوەشێنن، هەروەک له مەهاباد ئەوە روویدا و، بەشێک لەو کاروانە سەربازییەی رژێم لەمانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٧٩، له شاری ورمێ وه گەیشتە نێو شاری مەهاباد، لەلایەن خەڵک و ژمارەیەک پێشمەرگەوە هێرش کرایەسەری و، چەکوچۆڵەکەشی بەتاڵان برا و، هێندەی نەمابوو لەنێوان پێشمەرگەی کۆمەڵە و حیزبدا شەڕ و لێکدان رووبدا. دیارە نەخشە و پیلانی رژێمیش هەر ئەوە بوو ناکۆکیی بکەوێتە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و، بەئاوات و ئامانجی بگات، که لەنێوبردنی پێشمەرگه و داگیرکردنەوەی کوردستان بوو.

**بەڕێز سەعید کوێستانی (کاوه) ئەندام و کادری ناسراو و لەمێژینەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەبیرەوەرییەکانیدا بەنێوی (ئاوڕێک له بەسەرهاتی خۆم و رووداوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان)، که مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٩٩٦ی زاینی له چاپیداوه، سەبارەت به رووداوەکانی قۆناخی "ئاگربەس و وتوویژ" لەلاپەڕەی ٢٠٨ دا دەڵێ:**

**(رژێمی ئاخوندی هەر رۆژێ به درۆیەک و فریودانێک سەرگەرمیان دەکردین و به عالەم ئاشکرا کلاویان لەسەر دەناین. تا وردە وردە خۆی قایم کرد و پادگان و جێگەستراتیژەکانی تەیار کردنەوه. ئێمەش نەک هەر بەرگریمان لێ نەکرد، بەڵکو یاریدەشمان دەدان بۆ هێنانی پاسداری خوێنمژ بۆنێو پادگانەکان. تەنانەت ئەگەر گروپێکی سیاسیش ویستبای پێشگیری لەهاتنی هێزی دوژمن بکات، لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا رووبەڕوو دەبوون. گەلێک جار خەڵک تووڕەدەبون و دەیانگوت: "تا ئێستاکه رژێمی ئاخوندی بچووکترین نرخی بۆ کورد دانەناوه. بۆچی حیزبی دێمۆکرات بۆ تەیارکردن و رێکوپێکی پادگانەکان یاریدەی رژێم دەکا؟ حیزب له وەرامی پرسیاری خەڵکا دەیگوت: "ئێمه خودموختاریمان دەوێ. خودموختاریش بەمانای پێشگیری له ئاوەدانکردنەوەی پادگانەکان و ژاندارمری نییە!". رۆژێک له مەهاباد، برادەرێک لای دوکتۆر قاسملوو دانیشتبوو، دژی ئەوە بوو که پێشمەرگه هێزی میری بۆنێو پادگانەکان ئیسکورت بکا و، دەیگوت: "ئەو رژێمە بۆوە نابێ بڕوای پێبکەن، فێڵەزانە، بێتو خۆی بەهێز بکا دوایی لێتان دەدا. رێگەی خۆبەهێزبوونی لێبگرن و لێی دەن و لێی رامەوەستن. هەرکات رژێم هەنگاوێکی هەڵێنا، ئێوه دوو هەنگاو هەڵێننەوه. دوکتۆر قاسملوو لەوەرامی کابرادا گوتی، ئێمه دەمانەوێ بەهانه نەدەین بەدەستەوه، ئەوان دەڵێن ئێوه ئەگەر بیانوومان پێناگرن و خودموختاریتان دەوێ، بەو پەلە پەلە ناکرێ و لێمان راوەستن، ئێمه داخوازەکانی ئێوه جێبەجێ دەکەین).**

دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد، لەنێو خۆیدا بەمجۆره پێکهاتن: **"مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی سەرۆک. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دوکتۆر قاسملوو گوتەبێژ و ئەندام. کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان و رێکخراوی چریکه فیداییەکانی خەڵکی ئێران (لقی کوردستان)، وەک ئەندام دیاریکران.** پاشان **بەرنامەی خودموختاری که له ٢٦ ماده و ٩ تێبینیی** پێکهاتبوون، لەلایەن شاندی کوردییەوه درا به شاندی حکوومەت. بەرنامەی خودموختاری، پێشتر لەلایەن **سیاسەتکار و یاسازانی ناسراوی کورد، دوکتۆر سارمەدینی سادقوەزیری یەوه داڕێژرابوو.**

سەبارەت به نێوەرۆکی بەرنامەی خۆدموختاریی، ئەگەرچی هێندێ مافی کولتوری و فەرهەنگی و، پاراستنی نێوخۆی بەشێکی کوردستان (نەک سنوورەکانی کوردستان) و، بووژانەوەی ئابووری و چاککردنی گوزەرانی خەڵکی تێدا تۆمارکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، جێبەجیبوون و کارپێکردنی، زیانێکی گەورەی له یەکێتیی کورد دەگەیاند و، بەڕەسمی دەبووه هۆی چاوپۆشیکردن و بەخشینی بەشێکی زۆر له نێوچه مێژوویی و پڕحەشیمەت وبەپیت

وبەرەکەتەکانی کوردستان. بۆنموونە مادەی یەکەمی بەرنامەکە دەڵێ:

**"کوردستانی ئێران سەرزەوینێکە لەچوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا کە لەباری مێژووییەوە شوێنی دانیشتنی هۆزەکانی کورد بووە و ئێستاش زۆربەی دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد پێکهاتوون. ئەم سەرزەوینە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژاوا دەگرێتەوە".**

وەک لێرەدا دەبینین، لەلایەن سەرکردەیەتیی کوردەوە، بەئاشکرا و راستەوخۆ حاشا لە کوردبوونی **ستانەکانی لوڕستان و بەختیاری و بویەرئەحمەد – تا بووشەهر و کەنداو، بەزاراوەی کوردی نیوچەکە (کەنداڵی) کراوە.** لەکاتێکدا هەموو سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی مێژوویی خۆیی و دەرەکیی، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەو نێوچانە بەشێکی جیانەکراوەن لە زمان و مێژوو و فەرهەنگ و جوگرافیای کورستان. **شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی** کە پتر لە چوارسەت ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، سنووری کوردستان و نێوی هۆز و خانەدانەکانی کوردی لەو سەردەمەدا بەهووردی دیاریکردووە. هەروەها هێنانی نێوی بەشی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئازەربایجانی رۆژاڤا، هەڵەیەکی دیکەی سەرکردەیەتیی کورد بوو، کە بەداخەوە ئەو هەڵەیە، ئێستاش لەلایەن حیزب و رێکخراوە و سیاسەتکار و نووسەرانی کوردەوە بەردەوام دووبارە دەکرێتەوە و، نێوی **"ستانی ورمێ"** بە ئازەربایجانی رۆژاڤا دێنن و، دەنووسن. دەزانین، گۆڕین ولابردنی نێوی کوردستان، لەسەرتاخواری کوردستان و، نێونانی تەنیا چەند شار و شارۆچکەیەک بە (کوردستان)، بەپێی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەی فارسی و، بەزانیاری کراوە، بەمەبەستی بچووککردنەوەی کوردستان و، تواندنەوەی بەشێکی زۆر لە خاک و دانیشتووتوانەکەی، لەنێو فەرهەنگ و زمانی گەلی فارسی باڵادەست. لەبەر ئەوە سەرتاخواری رۆژاڤای ئێران، کە دەکاتە رۆژهەڵاتی کوردستان، خاکی کوردستان پێکدێنێ و، نێوی پارێزگەکانیشی بەمجۆرەیە:

**"ستانی ورمێ، ستانی سنە، ستانی کرماشان، ستانی ئیلام، ستانی لوڕستان، ستانی بەختیاری، ستانی بوویەر ئەحمەد و، ستانی بووشەهر".**

پاش ئەم رۆنکردنەوەیە دەگەڕێینەوە سەر باسەکەمان!

نێزیکەی دوومانگ ونێو تەقەوەستان و ئاگربەس لە کوردستان بەڕێوەچوو. لەوماوەیەدا لەسەرتاسەری ئێرانەوە، هەموو رۆژێک بەسەتان وهەزاران کەس لەچینی رۆشنبیر و خوێندەواری ئێران دەهاتنە کوردستان و، سەردانی بنکەی رێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانییەکان دەکرد. رژێمیش سیخوڕ و بەکرێگیراوی حیزبوڵڵای و پاسداری، بەنێوی گەشتیار و هەواڵنێر و رۆشنبیر و کۆمۆنیستەوە دەنارد بۆ کوردستان، تا لەنێزیکەوە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنن و، زانیاریی کۆبکەنەوە. باس و لێدوانی سیاسیی لە نێو بنکە و سەرکۆڵان و شەقامی شارەکان، لەنێوان ئەندام ولایەنگرانی حیزبە سیاسییەکاندا لەوپەڕی خۆیدابوو. دانانی سەمینار و کۆکردنەوەی خەڵک بۆ پرۆپاگەندەی حیزبیی، بەبەردەوامی بەڕێوەدەچوون. ئەوەش لەزۆربوونی ژمارەی ئەندام و پێشمەرگە ولایەنگرانی حیزبەکاندا دەوری هەبوو. لێدوان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و بیروباوەڕی نەتەوەییی، لەهیچ قوژبن و کەلەبەرێکیش نەدەبیسترا و، لەسەریەک، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی، چ لەنێو حیزبەکان و، چ لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی، زۆر نزم و لاواز بوو. دەمەتەقێ و لێدوانە سیاسییەکان پتر لەلایەن لایەنگرانی هێڵەکانی چەپی ئێرانییەوە بەڕێوەدەچوون و، هەر دەستە و بەشێک، خۆیان بەپێڕەوی "خەت" (هێڵ) یێک دەزانی و، سەرجەم لەسێ هێڵ پێکهاتبوون. حیزبی توودە و لایەنگرانی یەکێتیی سۆڤێتی رووخاو "خەت" (هێڵ) ی یەک بوون. لایەنگران و پێڕەوانی رێبازی چریکی کوبا و شۆڕشگێڕی ناسراو (چەگوارا)، هێڵی دوو بوون. هێڵی سێیەمیش، ماوئیستەکان و پێڕەوانی چەپی کلاسیکی لایەنگری ستالین دیکتاتۆری سۆڤێت بوون، کە بە (چەپی مارکسیست – لینینیست) یش نێودەبران. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەربە هێڵی سێ بوو. کۆمەڵە بەلاسایکردنەوە لە رێبازی ماو، سەرۆکی شۆرشی کۆمۆنیستیی وڵاتی چین، سیستەمی کۆمەڵایەتی – سیاسیی ئێرانی بە کۆمەڵگەیەکی نیوە کۆلۆنی – نیوە دەرەبەگایەتیی دەناسی. هێڵی سێ هەروەها دژی هەموو حکوومەتەکانی دنیا بوون بە کۆمۆنیست و بۆرژوازییەوە و، لەوباوەڕەدابوون، وڵاتانی کۆمۆنیستیی وەک یەکێتیی سۆڤێت و، چین، لەپاش مردنی ستالین و ماو، جێگرەکانیان لە رێبازی کۆمۆنیزم لایانداوە و، بوونەتە **"ڕویزیۆنیست" (لادەر)** و، پێویستە لە

کوردستانەوە بە ڕێخستنی خەبات و ڕاپەڕینی چەکداریی لە **گوندەوە بۆ شار**، بە بەبەشداریی جۆتکار و ڕەشایی و، شوان و سەپان و ڕەنجدەری شار ودێ، **"کۆماری دێموکراتی گەل" (جمهوری دموکراتیک خلق)** لە ئێران دابمەزرێندرێت...!!

لەماوەی دوومانگ و نیو ئاگربەسدا، تەنێ جاریک لە مەهاباد، بەشێوەی ڕەسمی کۆبوونەوە کرا، کە ئەویش نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، چۆنکە نوێنەرانی ڕژێم، بەبیانووی ئەوەوە گوایە پێشتر ڕایانگەیاندووە، ڕازی نین لەگەڵ کۆمەڵە و چریکی فیداییدا دانیشن و، ئەوانە کۆمۆنیستن!!، لە هۆڵی کۆبوونەوە چوونە دەرەوە و، ئیدی دوای ئەوە و، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هیچ کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی لەنێوان کورد و ڕژێمی ئیسلامیدا نەکرا.

**نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی بەنێوی "مەک گیر تیم" کە لەو سەردەمەدا سەردانی کوردستانی کردبوو و، ماوەی پێنج ڕۆژ لەنێو پێشمەرگەدا مابووەوە، لەڕۆژنامەی "نێت دیز" ڕێکەوتی ١٩٨٠/٦/٧ ڕاپۆرتێکی بلاوکردەوە کە بەشێکی بەمجۆرەیە:**

**"دەوڵەتی ئێران و کوردەکان، سەبارەت بە سنوورەکانی نێوچەکانی کوردستان، بیرورای جیاوازیان هەیە. پێشمەرگە دەڵێن سنووری جوگرافیایی نێوچەی کوردستان، بریتییە لە ستانەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاڤا، کوردستان، کرماشان و، بەشی سەرووی ستانی ئیلام. بەڵام سەرکۆماری ئێران (بەنی سەدر) دەڵێت: خودموختاری تەنیا ستانی کوردستان دەگرێتەوە، نەک ستانەکانی دیکە کە کوردیان تێدایە!....".**

**هەروەها ڕۆژنامەی بەنێوبانگی "میدڵ ئیست" (ڕۆژهەڵاتی ناڤین) لەڕێکەوتی ١٩٨٠/٧/١، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەوتی گفتوگۆکانی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەم چەشنە بلاوکردەوە:**

(سیاسەتکارێکی بەرپرسیار لە تاران، لەپێوەندییەکدا بە "میدڵ ئیست" ی ڕاگەیاند: "جەنگی پارتیزانی لە نێوچە دوورەکانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆسەر حکوومەت نابێ. ئەگەرچی بوونی ئەو شەڕە، وەک برینێک دەبێ بەسەر جەستەوە، بەڵام برینێکی کوشندە نییە و، نابێت. لەلایەن کوردەکانەوە، دوو جۆرە بۆچوون پێشنیازکراون، یەکەمیان، بەرنامەی خودموختارییە کە لە ٢٦ مادە پێکهاتووە و لەلایەن دەستەی نوێنەرانی کوردەکانەوە تەسلیم بە حکوومەت کراوە. سەرۆکی شاندی کوردان "شێخ عیزەدینی حسێنی" یە کە بە سەرۆکی ئاینی کوردان نێودەبرێت. بەڵام دەوڵەتی ئێران ئامادەنەبوو لەگەڵ شاندی کوردان بەبەشداریی کۆمەڵە و چریکی فیدایی وتوویژ بکات. لەم چەند ڕۆژەی دووایيدا ڕێکخراوی چریکی فیدایی، هەڵوێستی خۆیان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نێزیک کردووەتەوە و، ڕاگەیاندراوەیەکی هاوبەشیان سەبارەت بە "ئاگربەس و وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت" دا بڵاوکردەوە. ئەمەش نیشانەی بوونی ناکۆکییە لەنێو کورددا. ڕژێمی ئێرانیش، تا ئێستا بەرەسمی هیچ وەرامێکی داخوازییەکانی کوردانی نەداوەتەوە..... لەسەریەک، بیرورای گشتی ئەوە دەگەیەنێ کە تاران ئامادە نییە هیچ جۆرە خودموختارییەک بدات بە کورد. لەبەر ئەوە واپێدەچێ لەباتی خۆشکردنی زەوینەی لەبار بۆ ڕێککەوتن و ئاشتی بەرێگەی وتوویژ، سەرلەنوێ شەڕ دەستپێبکاتەوە...).

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بەکەڵکوەرگرتن لە ئاگربەس، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی چوارەمی دەرکرد. پاش ٣٤ ساڵ خەبات و چالاکی نهێنیی، لەڕۆژی ١٣٥٨/١١/٣٠ ی هەتاوی (١٩٨٠/٢/١٩زاینی))، لەشاری مەهاباد، بەبەشداریی ٣٠٠ ئەندام کە نوێنەری ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) ئەندام بوون. کۆنگرەی چوارەم کە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ درێژەی کێشا، پاش کۆنگرەی یەکەم، کە تیایدا پێشەوا قازی محەمەد بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا، بۆ جاری دووەم بوو، حیزب بتوانێ بە ئاشکرا و بەئازادی و لەنێو جەماوەری خۆیدا، کۆنگرە ببەستێ. ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار، بۆ گەلی کورد و، هەروەها بۆ کۆماری ئیسلامیش گرنگ بوون. حیزبی توودەی ئێران کە لەنێو حیزبی دێمۆکراتدا دەستە و دایرە و ڕێکخستنی بەرچاوی هەبوو، بەو ئامانجەوە هاتبوونە کۆنگرەوە کە بتوانن کارکرد لەسەر دەستنیشانکردن و بڕیارەکانی کۆنگرە دابنێن، دیارە ئەوەش پیلانێک بوو بەهاوبەشی ڕژێم و، سەرۆکایەتیی حیزبی توودە داڕێژرابوو کە لایەنگرانی حیزبی توودە، زۆرینەی دەنگەکان لەنێو سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆلای خۆیان ڕاکێشن و، سیاسەتی حیزبی دێمۆکرات بەلای حیزبی توودەدا داشکێنن، کە دەیگوت: **"کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، بەربەرەکانێی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکا و، کۆمۆنیستەکان و، هێزە پێشکەوتنخوازەکان پێویستە لەسەریان، کۆماری ئیسلامیی بپارێزن کە لەئەنجامی شۆڕشێکی جەماوەری و، بەرووخاندنی ڕژێمی شای**

**بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم هاتووەتە سەرکار. شەڕکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لاوازکردنی، راستەوخۆ خزمەت کردنە بە پیلانی ئەمریکا لەدژی کۆماری ئیسلامی و هەموو گەلانی ئێران!!".**

ئەوە بوو لەکۆنگرەکەدا، رێگەیان بەبیروڕایەکی دیکە نەدەدا و، بێڕێزی و سووکایەتییان بەرامبەر بەو کەسانە دەنواند کە رەخنەیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، یان لە رژێمی سۆڤێت دەگرت. بۆ نموونە، کاتێ **دوکتور حەسەنی شەتەوی**، لە وتارەکەیدا هێرشی کردەسەر یەکێتیی سۆڤێت و بە رژێمێکی توتالیتێر و دژ بە گەلان نێوی برد، لایەنگرانی حیزبی توودە، لێیان کردەهەرا و، بەجنێو و قسەی سووک و ناشیرین قسەیان پێبڕی و، هێنایانە خوارەوە. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە کۆنگرەکەدا ئەوە بوو، پاش کۆکردنەوەی دەنگەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەیەتیی نوێی حیزب، کێشەی لێ هەستا، چونکە لەکات و رۆژی خۆیدا دەنگەکان نەخوێندرانەوە و، هەڵگیران بۆ رۆژی دوایی. هەندێک لە ئەندامانی بەشداری کۆنگرە نارەزایەتییان دەربڕی و، لەوباوەڕەدابوون، دەستکاریی نارەوا لە دەنگەکاندا کراوە. سەبارەت بەو بابەتانەی پێوەندییان بە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی حیزبەوە هەبوو و، کۆنگرەی چوارەم دەنگی دا لەسەریان، بەئاشکرا سیاسەت و هەڵویستی حیزبی توودەیان پێوە دیاربوو. **کۆنگرە ئەم پێنج خاڵە بەتێکڕای دەنگەوە پەسندکرد:**

**1- حیزبی دێمۆکراتی کورستانی ئێران، پشتیوانی خۆی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەردەبڕێت.**

**2- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی بە رێبەری شۆڕشی ئێران دەزانێ.**

**3- حیزبی دێمۆکراتی کورستانی ئێران بەرگری لەسنوورەکانی ئێران ئێران دەکات.**

**4- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکات.**

**5- حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، داوای دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەکات.**

هەر لەپێوەند لەگەڵ کۆنگرەی چوارەمدا، **مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە پەرتۆکی (نیو سەدە تێکۆشان)** کە **مێژووی خەباتی پەنجا ساڵ حیزبی دێمۆکراتی تێدا تۆمارکردووە**، نووسیویەتی:

"ئەگەر باشم لەبیربێ، بۆ هەر ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزب، نوێنەرێک دیاری کرابوو. بەو پێیە نوێنەرانی نێزیک بە شەست هەزار ئەندام لە کۆنگرەی چوارەم دا بەشدار بوون..". راستییەکەی ئەوەیە، هەروەک ئاماژەم کردپێی لەکۆنگرەی چوارەمدا ٣٠٠ ئەندام بەشدارییان کرد کە نوێنەری ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) ئەندامی حیزب بوون، نەک ٦٠٠٠٠ (شەست هەزار). واتە لەوسەردەمەدا حیزب بەرەسمی، سی هەزار ئەندامی هەبووە. سەردەمێکدا مێژووی حیزبی دێمۆکراتی نووسیوەتەوە کە رێبەر و سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. جگە لەوە ئەرشیڤی حیزبی لەبەردەستدا بوو، دەیتوانی بۆ دڵنیابوونی تەواو لە نووسینی راست و دروستی مێژووی رووداوەکە، لە ئەندامانی سەرکردەیەتی و، راوێژکارەکانی پرسیار بکا و، مێژووەکی راست و بێ هەڵە بۆ وەچەکانی داهاتوو تۆمار بکات. بەڵام ئێمە دەزانین، مەبەستی مامۆستا حەسەنزادە لەبردنەسەری ژمارەی ئەندامان، ئەوە بووە، قەوارەی حیزب لەوسەردەمەدا زۆر گەورەتر و بەربڵاوتر پیشانبدات و، بەزانیارییەوە ئەو ژمارەیەی نووسیوە.

دوابەدوای کۆتایی کۆنگرەی چوارەم، لە رۆژی ٥ی رەشەممەی ١٣٥٨ ی هەتاوی (٢٤ی فیوریەی ١٩٨٠ ی زاینی)، **سەرکۆماری ئێران (بەنی سەدر)**، وەرامی نامەی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی دایەوە و، داوای کردلێیان، لەتاران چاوی پێیان بکەوێت. ئەوە بوو لەرۆژی ٩ی رەشەممەدا، شاندێکی پێنج کەسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە بریتیبوون لە: **غەنی بلووریان، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، فەوزیە ساڵحی، نەوید موعەینی و ئەحمەدی قازی**، گەیشتنە تاران و، چاویان بە سەرکۆمار بەنی سەدر کەوت. لەدیدارەکەیاندا، بەنی سەدر داوای لێکردن، داخوازییەکانیان گەلاڵە بکەن تا بیدات بە **"شورای شۆڕش"**. **شاندی حیزب لە تاران، گەلاڵەی بەرنامەیەکی نوێی لە ٦ مادە و ٨ رۆنکردنەوەدا نووسی و، لەجێی بەرنامە خودموختارییەکەی پێشوو،** مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەکات و **کە لە ٢٦ مادە پێکهاتبوو، پێشکێشی بەنی سەدر کرد.**

**"ماویەتی"**




# چاوخشاندنێک بەسەر بووجەی ساڵانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و، پێنتاگۆن،لە نێوخۆی ئەمریکا و، لەسەرتاسەری جیهان!

---------------------------------------

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و، شرۆڤەی:**
**نێعمەت سەفەر تانجمیری – باکووری ئەمریکا**

------------------------

هەر حکوومەتێک لەسەر گۆی زەوین، بەهۆی بوونی کێشەی لەگەڵ دەرودراوسێکانی، بەشێک لە بووجە و سەرانەی ساڵانەی وڵاتەکەی، دەخاتەلاوە بۆ کڕینی چەک وچۆڵ و، پۆشتەوتەیارکردنی هێزی چەکداری وڵاتەکەی. بۆ دابینکردنیشی، کارناسانی سوپایی دەنێرێت بۆ وڵاتان و، سەردانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی جەنگیی. زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی **"جیهانی سێیەم"**، کە لەلایەن ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و تاکە بنەماڵە و، تاکەحیزبی و، دژ بە ئازادی و، دیمۆکراسییەوە دەچن بەڕێوە، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، لەبەرامبەر ڕاپەڕینی نێوخۆ و، هەڕەشەی دەرەوەدا، زۆربەی داهات وبووجەی ساڵانەی وڵاتەکەیان، تەرخان دەکەن بۆ کڕین و کۆکردنەوەی جۆرەها چەکی مۆدێرن و، کۆمەڵکوژ و ترسناک و، تەیار پۆشتە و پەرداخکردنی هێزی چەکداریان، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ کارکردنی خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داناوە و، بووەتە هۆی پەرەسەندنی برسێتی و هەژاری و بێکاری و، سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەو وڵاتانەدا. ڕژێمەکانی ئێران و سووریا و کوریای باکوور و، سووریا و، ترکیا و، پاکستان و، ... هتد، نموونەی بەرچاوی ئەو ڕژێمانەن.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی، کە جگە لە وڵاتەکەی خۆیان، هەروەها کۆمەڵێک بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسییان لە نێوچەکانی جۆراوجۆری دنیادا هەیە، بۆ ڕاگرتنی هێژمۆنی و، دەسەڵاتەکەیان، وەک "زلهێز" لەئاستی دنیادا، پێویستیی بەردەوامیان بە سازکردنی چەکوچۆڵی مۆدێرنتر و، پێشکەوتووتر هەیە، تا بتوانن لەسایی بوونی تەکنۆلۆژیای جەنگیی پێشکەوتووترەوە، پارێزگاریی لە بەژەوەندییەکانیان لەئاستی جیهاندا بکەن، کە ئەوەش دیارە، پێویستی بە دارشتنی پلان و ستراتیژێکی درێژخایەن و، ئابوورییەکی بەهێز و، تەرخانکردنی پووڵ و بووجەی زیاترەوە هەیە.

یەک لەم وڵاتانە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە خاوەنی گەورەترین هێزی سەربازی و ئابوورییە لە دنیا و، خاوەنی پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای جەنگییە و، بە سەدان پێگە و لەشکرگە و، هەماری چەک وجبەخانەی لە زۆربەی وڵاتەکان و، زەریاکانی جیهاندا بلاوکردووەتەوە، هەروەها ماوەی چەند ساڵێکیشە، بەهۆی سەرقاڵبوونییەوە، بە جەنگی دژە تیرۆرەوە، بە سەدان هەزار سەرباز و هەزاران تانک و فرۆکە و پاپۆڕ و، کەلوپەلی جەنگیی ڕژاندووەتە ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە، بێگومان دەولەتێکی وابەهێزی وەک ئەمریکا، کە دەیەوێت دەسەلاتی هەمو دنیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، پێویستی بە داراییەکی بەهێز و لەبنەهاتوو هەیە.

لێرەدا، بۆ زانیاریی خوێنەرەوەی کۆنگرە، ئەم ڕاپۆرتەتان پێشکێش دەکەم، کە ساڵانە، لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و، نێوەندی فەرماندەیەتیی سوپای ئەمریکا **(پێنتاگۆن)**، بڵاودەکرێتەوە! دەولەتی ئەمریکا، هەروەها لەساڵدا، پشتیوانی داراییی دەنێرێت بۆ گەلێک سوپای وڵاتان لە جیهان، کە لەبەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بەنێوی ئەو وڵاتانە و، ڕێژەی پارمەتییەکان دەکەین!

**ڕۆناڵد ڕامسفێلد، وەزیری بەرگریی پێشووی ئەمریکا**، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦، لە پۆستەکەی کشایەوە، بووجەی پێشنیازیی وەزارەتەکەی، بۆ ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی، نارد بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا. ڕۆناڵد ڕامسفێلد، بۆ ساڵی داهاتوو **داوای بووجەیەکی ٤٤١/٢ میلیارد دۆلاری کردووە**. شایانی باسە،



بووجەی ساڵانە، لەمانگی ئۆكتۆبەرەوە تا مانگی ئەگۆست دەگرێتەوە. جگە لەم بووجەیە، هەروەها زۆر بووجەی لاوەكیی دیكەش هەن، كە لە لیستی وەزارەتی بەرگریدان، بەڵام نێویان لەلیستی **"پێنتاگۆن"، (نێوەندی فەرمانده‌یەتیی سوپای ئەمریكا)** دا نایەت، بۆ نموونە؛ **بۆ ساڵی ٢٠٠٧، پەنجا ملیارد دۆلار تەرخانكراوە بۆ جەنگی ئەفغانستان و عێراق.**

سەبارەت بە ئاسایش و پاراستنی نێوخۆی ئەمریكا، ٤/٨ ملیارد دۆلار بۆ رێكخراوەی **FBI** و جێبەجێكردنی پێداویستییەكانی ئاسایشی هاووڵاتیان لەنێوخۆی وڵات دانراوە. بەمجۆرە، بووجەی وەزارەتی بەرگریی بەرز دەبێتەوە بۆ ٥١٣ ملیارد دۆلار، بەڵام دیسان داخوازییەكانی وەزارەتی بەرگریی بەمانە كۆتاییان نایە و، داخوازیی دیكەش هەن، كە لەپاش رووداوەكەی ١١ ی سێپتەمبەرەوە، بڕیاریان لەسەر دراوە. لە رووداوەكەی ١١ سێپتەمبەرەوە، ٤١/٦ ملیاردی دیكە، بە بووجەی "ئاسایشی نەتەوەیی" زیاد كراوە. هەروەها ٧٧/٨ **ملیارد دۆلار** لەساڵدا دەدرێت بە **وەزارەتی پەككەوتووی جەنگی و، خانەنشینەكانی سوپای ئەمریكا.** لە لایەكی دیكەوە، ٣٣/٧ ملیارد دۆلار لەساڵدا، تەرخانكراوە بۆ چالاكی نێونەتەوەیی و، دانی یارمەتی بە كرێارەكانی چەكوچۆڵی جەنگیی كۆمپانیاكانی ئەمریكایی و، ناردنی یارمەتی بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەفغانستان و، عێراق. **جا ئەگەر ئەم دەركەوتانە لە بووجەی وەزارەتی بەرگریی زیاد بكەین. ئەوا دەبێتە ١،٦٦٦ ملیارد دۆلار.**

ساڵ لەگەڵ ساڵ، تێكنۆلۆژیای جەنگیی مۆدێرنتر و، گرانتر سازدەكرێن و، بەو پێیەش رادە و رێژەی بووجەی وەزارەتی بەرگرییش، بەردەوام لە زیادبووندایە. بۆ نموونە، لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، كێش (وزن) ی پاپۆڕشكێنی جەنگیی، ٤٠٠٠ تا ٦٠٠٠ تەن بوو، بەڵام پاپۆڕشكێنی DDX كە تازە دروستكراوە، پتر لە ١٤٠٠٠ تەن كێشی هەیە و، دروستكردنی هەر دانەشی پتر لە ٣/٧ ملیارد دۆلار هەڵدەگرێت.

**دەوڵەتی ئەمریكا، لەساڵدا، جگە لەم بووجە زۆر و سەرسووڕهێنەرە كە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و، پاراستنی بەرژەوەندییەكانی لە جیهان سەرفی دەكات، هەروەها ٤/٥ ملیاردی دیكەش لەساڵدا دەدات بە سوپای وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی و، لیستەی ساڵی ٢٠٠٦ ی بەمجۆرەیە:**

1- سوپای ئیسرائیل، زۆرترین یارمەتی دارایی بەردەكەوێ و، لە بووجەی ئەوساڵ (٢٠٠٧) دا، سەرجەم ٢/٢٨ ملیارد دۆلار وەردەگرێت. ٢- سوپای میسر ١/٣ ملیارد دۆلار. ٣- ئۆردۆن ٢١٠ ملیۆن دۆلار. ٤- پاكستان ٣٠٠ ملیۆن دۆلار. ٥- تركیا ١٥ ملیۆن دۆلار. ٦- گورجستان ١٢ ملیۆن دۆلار. ٧- پۆلۆنیا (لێهستان) ٣٠ ملیۆن دۆلار. ٨- فیلیپین ٣٠ ملیۆن دۆلار. ٩- تونس ١٠ ملیۆن دۆلار. ١٠- ئەرمەنستان ٥ ملیۆن دۆلار. ١١- ئازەربایجان ٥ ملیۆن دۆلار. **(شایانی باسە ئەرمەنستان و ئازەربایجان، ٧٥٠ هەزار دۆلاری دیكە بابەتی مانۆڕ و پەروەردەی سەربازیی هێزەكانیان لە ئەمریكا وەردەگرن).** ١٢ – وڵاتی ستۆنی ٥ ملیۆن دۆلار. ١٣- لیتوانی ٥ ملیۆن دۆلار. ١٤- لاتوی ٦ ملیۆن دۆلار. ١٥- مەغولستان ٣ ملیۆن دۆلار. ١٦ – وڵاتانی لوبنان و كامبۆج و سریلانكا و بەنگلادش و ئەندۆنزیا، هەر یەكەیان ١ ملیۆن دۆلار وەردەگرن. ١٧ – تایلەند ١/٥ ملیۆن دۆلار. ١٨ – وڵاتی فیجی ٥٠٠ هەزار دۆلار. ١٩ – تۆنگا ٢٥٠ هەزار دۆلار.

وڵاتی عەرەبستانی سعوودی لە یارمەتیی ئەو ساڵ (٢٠٠٦) بێبەری و بێبەش كراوە، بەڵام لەوانەیە واشنتۆن لە هەڵسەنگاندنی دووبارەی نێوچەكە، بڕیارەكەی بگۆڕێت.

جێی ئاماژەپێكردنە، ئەمریكا، بەرێگەی سیاسی و دیپلۆماسی و دارایی و، سیخوڕیی، پشتیوانیی لە دەوڵەتەكانی دۆست و هاوپەیمانی دەكات، لەلایەكی دیكەشەوە، فەرماندە و ژنەراڵەكانی سوپای ئەو وڵاتانەش، بەدانی بەرتیل و یارمەتیی دارایی دەخاتە ژێر كاركردی سیاسەتی خۆیەوە. سوودی ئەوەش بۆ ئەمریكا ئەوەیە، بەرێگەی دەوڵەتانی دۆست و، سوپاكانیانەوە، بەدڵنیایی و، ئەرخایەنییەوە، بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری خۆی، لە نێوچە و لەهەموو مەڵبەندەكانی جیهاندا دەپارێزێت. لەبارودۆخی سیاسیی ئێستای رۆژهەڵاتی ناڤین، كە بیری فوندامێنتالیستی ئیسلامی و، بیری دژایەتیكردنی رۆژاڤا لەنێوچەكە پەرەگرتر بووە، راگرتنی دەوڵەتانی نێوچەكە و،

**"بۆ ل ٢٥"**

# ڕۆنکردنەوەیەک بۆ گۆڤاری "کۆنگره"،
# ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!

لە ژماره ۳۸ی گۆڤاری کۆنگرەدا، گوتارێک بەنیوی: (**مێژووی ئەنفال، مێژووی ترسناک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا!**)، بڵاوکرایەوە، مخابن چەند هەڵەیەکی تایپ لە گوتارەکەدا ڕوویداوە، هیوادارم ئەو هەڵانە ڕاستبکرێنەوە.

ئەو گوتارە پتر بۆ ڕۆنکردنەوە و ڕاستکردنەوەی مێژووی ڕاستینەی ئەنفالە، کە بە داخەوە، گەلێک جار مێژووی دەستپێکردنی ئەنفال لەلایەن زۆربەی میدیا و کەناڵەکانەوە بە هەڵە دەنووسرێتەوە. هەر ئەوەش بوو منی هاندا گوتارێک لەسەر مێژووی ئەنفال بۆ گۆڤاری کۆنگره و، چەند گۆڤارێکی دیکە بنووسم و، بینێرم، جا بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی ڕوویانداوە، ئەم کورتە مێژووەی ئەنفال دووبارە دەکەمەوە.

مەبەستی من ئەوەیە، لە مێژووی گەلی کورددا، مێژووی ڕاستینەی ئەنفال لەیاد نەکرێت. یەکەم **قۆناخی ئەنفال،** لە نێوەندی دۆڵی **"سووورداش"** دا، لەسەرەکاتژمێری یازدە و چل و هەشت خولەکی نیوە شەوی ۱۹۸۸/۲/۲۲، بە خوێندنەوەی **سوورەتی هەشتەمی ئەنفال کە لە قورئاندا هاتووە،** لەسەربازگەی **"پیرەمەگروون"** و **"سووسێ"** وە دەستپێکراوە بۆ سەر هەموو نێوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان.

هەروەها **قۆناخی دووەمی ئەنفال،** لەچوارچێوەی نەخشە و پیلانی ئەنفالە بەدناوەکان، سەرلەئێوارەی ۱۹۸۸/۳/۱٦، بەهێرشی فڕۆکەی جەنگی وهاویشتنی تۆپی قورس و، دوورهاوێژ، شاڵاوی قۆناخی دووەمی ئەنفال لە ئاسمانەوە بۆ سەر شارۆچکەی هەڵەبجە و نێوچەکانی دەوروبەری دەستپێکرا. بەڵام مخابن ئەو مێژووەش لە ئەنفال جیاکراوەتەوە، ئەوەش کەمکردنەوەیە لە قورسایی مێژووی ئەنفال، لە مێژووی کورددا.

**قۆناخی سێیەم،** سەرلە بەیانی ۱۹۸۸/٤/۷، بۆ قووڵایی نێوچەکانی گەرمیان دەستپێکرا. **قۆناخی چوارەم،** سەرەکاتژمێری حەوت و نیوی سەرلە بەیانی ۱۹۸۸/٥/٤، بەرەو نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری کەرکووک، شێخ بزەینی، ساڵای، نێوچەی پردێ، خاڵ خالان، سۆتکە و، بەشێکی نێوچەی سووورداش.

**قۆناخەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم،** سەرلە بەیانی ۱۹۸۸/٥/۱٥، نێوچەکانی ستانی هەولێر، تا نێوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستانیان گرتەوە.

قۆناخێک نییە بەنێوی **قۆناخی هەشتەمەوە،** کە سوپای عێراق ئەنجامی دابێ لە باشووری کوردستان، چۆنکە قۆناخی هەشتەم، بەڕێگەی **جاشەکانی "زێباری" و "هەرکی"،** یەوە لەنێوچەی بادینان ئەنجامدرا. لە گۆڤاری کۆنگرەدا بەهەڵە نووسرابوو ۱۹۸۸/۸/۱٤، کە من لێرەدا ئەو هەڵەیە ڕاستدەکەمەوە و، ڕاستییەکەی هەروەک پێشریش نووسیبووم، ڕۆژی ۱۹۸۸/٤/۱٤ بوو.

**برای دڵسۆزتان:**

**سابیر کۆکەیی**

**لەندەن: ۲۰۰٦/۱۰/۲٥**

---

**"ماوەی لاپەڕە ۲٤"**

سوپاکانیان وەک دۆست و هاوپەیمان و، مەشقپێکردن و یارمەتیپێکردنیان، گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە. ڕەچاوکردنی ئەم ستراتیژە نوێیەش، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شا و، دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی لە ساڵی ۱۹۷۹ لە ئێران، زیاتر پشتی پێبەسترا. وەک دەزانرێت، ولاتانی وەک میسر و پاکستان و، ئۆردۆن و، سعوودی و ترکیا و، بەنگلادش و...، بیری بنچینەگری ئیسلامیی لەنێویاندا بەهێزە و، بێگومان هەر شۆرشێک لەم ولاتانەدا ڕوو بدات، نیوەڕۆکێکی تەواو ئیسلامییان دەبێت. لەبەر ئەوە، ئەمریکا ناچارە سوپا و دەوڵەتەکانی نێوچەکە لەدەستی خۆیدا ڕابگرێ و، پشتیوانییان بکات. هەروەک دەیان ساڵە پشتیوانیی لە ڕژێمی داگیرکەری ترک دەکا و، هەموو ساڵێک مووچەی سوپای ترکی داوە. **لەنێو ئەو ولاتانەدا، دەوڵەتی ئیسرائیل، بابەتێکی جیاوازە و، لە ماوەی پەنجاساڵی ڕابوردوودا، ئیسرائیل لەگەڵ ئەمریکا، لە سیاسەتی دەرەوەیاندا، سیاسەت و ستراتیژێکی هاوبەشیان لەنێوچەکەدا هەبووە و، تا کێشەی ئیسلامی فۆندامێنتالیست و، دەوڵەتەکانی ملهۆڕ و، دژ بە ئازادیی لەنێوچەکە بنبڕ نەکرێن، کات و زەمانێکی دیاریکراو، بۆ کۆتایی هاتن بە ستراتیژی هاوبەشی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا بەدیناکرێت.**

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**

**خەڵکی ستەمدیدە و، خۆڕاگری کوردستان!**

هەروەک ئاگادارن، لە چەند مانگی رابوردوودا، رژێمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، دەستیداوەتە گرتن و، ئەشکەنجەدانی رۆژنامەنووس و چالاکڤانانی بواری فەرهەنگی و رۆشنبیریی. لەو ریگەیەدا بە چەندین رۆژنامە و، گۆڤاری کوردی، لە شارەکانی کوردستان داخراون و، بەرێوەبەر و نووسەرەکانیان بانگێشتی بێدادگەکانی رژێم کراون و، هێندێکیشیان بەرەو زیندانەکانی رژێم لە تاران و، شارەکانی دیکەی ئێران براون.

سێ رۆژنامەنووس و رۆشنبیری کورد، بەنێوەکانی **سامان سلێمانی، رەزا عەلیپوور و، فەرهاد ئەمین پوور**، کە لە گۆڤاری حەفتانەی **"رۆژهەڵات"** کاریان دەکرد، لەلایەن بەکرێگیراوانی رژێم لە شاری سنە، دەستگیر کران و، بۆ شوێنی نادیار بران..

لە هێرشێکی دیکەی بەکرێگیراوانی داگیرکەر، بۆ سەر رۆشنبیرانی کورد، **بەڕێز محەممەد سدیقی کەبوودوەند (سەرۆکی ریکخراوەی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤی کوردستان)** و، سەرنووسەری حەفتەنامەی **"پەیامی خەڵک"**، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، بەردەوام پشتیوانی لە داخوازییەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە رۆژهەڵات کردووە، لەلایەن رژێمەوە بریاری گرتنی خۆی و، داخرانی رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان و، حەفتەنامەی **"پەیامی خەڵک"** ەوە درا. سدیق کەبوودوەند، بەساڵێک زیندان و، پێنج ساڵ واز هێنان لە کاری رۆژنامەگەریی سزا درا.

هەروەها **رێزدار کەیوان رەفیعی ئەندامی "ریکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان"**، لەسەرەتای هاوینی رابوردوو، لەشاری تاران دەستگیر کرا. کەیوان رەفیعی لەوکاتەوە تا ئێستا لە زیندان، لەژێر ئەشکەنجە و، گوشاری رەوانیدایە و، دووجار مانی لە خواردن گرتووە و، لە بارودۆخیکی زۆر خراپ و نالەباردایە.

لەلایەکی دیکەوە، رۆژنامەنووس و، چالاکڤانی بواری مافی مرۆڤی کورد لە مەهاباد بەنیوی **شێرکۆ جیهانی**،لەلایەن بەکرێگیراوانەوە دەستگیر و رەوانەی ئەشکەنجەخانەکانی رژێم کراوە. لە شاری **"کرماشان"** یش، لە کۆتایی مانگی گەلاڕیزاندا، خوێندکارێکی کورد بەنیوی **"کەریم رەحمانی"** گیراوە و، بۆ شوێنی نادیار براوە. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی رژێم لەدژی رۆشنبیران و، چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ و، بوارەکانی هونەری و فەرهەنگیی لە کورستان.

**کۆماری داگیرکەری ئیسلامی ئێران، بۆ ترساندنی رۆشنبیران و، لاوانی کورد و، داسەپاندنی شەوەزەنگ و، دیکتاتۆری بەسەر کوردستاندا، شەپۆلێکی دیکەی گرتن و گوللەبارانکردن و، ئازاردانی رۆڵەکانی کوردی لەشارەکانی سەقز و سنە و مەهاباد و کرماشان و بۆکان و مەریوان و مایاندوئاو و سەردەشت و، ئیلام و، لوڕستاندا دەستپێکردووەتەوە.**

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی کۆماری داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، بەرامبەر رۆڵەکانی نەتەوەکەمان شەرمەزار و مەحکووم دەکات، هاوکات رایدەگەیەنین، کە تەمەنی نگریس و رەشی رژێمی کۆنەپەرست و داگیرکەری ئێران، روو لە تەواوبوونە و، ئەم کردە دزێو و نامرۆڤانەیە، وەک رابوردوو پێشانیانداوە، ناتوانن کار بکەنە سەر ورە و، باوەڕی بەرز و پیرۆزی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان. لە داهاتوویەکی نێزیکیشدا، داوودەزگەی سەرکوت و، ئاسەواری نگریسی رژێمی داگیرکەری ئێران، بە هەوڵی رۆشنبیران و ئازادیخوازان و، رۆڵەکانی قارەمانی کورد، لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان راماڵدەدرێت و، خەبات و، تێکۆشین و لەخۆبوردوویی رۆڵەکانی ئازا و دلێر و زانای گەلەکەمان، دەگاتە ئامانج، کە گەیشتن بە ئازادی و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە!

**مردن و نەمان بۆ رژێمی خوێنرێژ و داگیرکەری ئێران!**

**شەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کورستان**

**٢٠٠٦/١٢/١٥**

# گەمارۆی ئەتۆمیی ئێران، بەتەنیا، چارەساز نییە!

**کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٥، پرۆژەبڕیاری ١٧٣٧ی "گەمارۆی ئەتۆمیی ئێران" ی بەتێکڕای دەنگ پەسندکرد.**

لەماوەی نێزیک بە ٢٨ ساڵی رابوردوو کە لە تەمەنی رژێمی ئیسلامیی تێدەپەڕێت، ئەمە یەکەمجارە، کۆمەڵی ئاسایشی نێودەوڵەتیی، بەتێکرای دەنگ، سەبارەت بە ئێران هەڵوێستێکی هاوبەش بنوێنن. لە بڕیانامەی کۆمەڵی ئاسایش دا لیستەیەک بڵاوکرایەوە و، تیایدا، نێوی ٢٤ نێوەند و دامەزراوەی ئێران و، کاربەدەستانی حکوومەتی و، هەروەها نێوی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی هاتووە کە رێگەی هاتنەدەرەوەیان لە ئێران بۆ دەرەوە لێدەگیرێ، جگە لەوەش دارایی و سامانیان لەلایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەستی بەسەردا دەگیرێت.

**کۆمیسیۆنی ئاسایش کە ژمارەی ئەندامەکانی لە ١٥ ئەندام پێکهاتووە، لە بڕیارنامەکەیدا، ئەم بەربەستانەش دەخاتەسەر سەر ئێران:**

1- کەمکردنەوەی رێژەی خوێندکارانی ئێرانی، بۆ خوێندن لەدەرەوەی ولات.

2- لیستیەیەک لە پێداویستیی تەکنۆلۆژیا و، کەلوپەلی پیشەسازیی نووسراوە، کە نابێ بنێردرێن بۆ ئێران.

3- هەموو ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئاسایش، نوێنەرێک لە **"ئاژانسی ئەتۆمیی ئێران"** دەستنیشان دەکەن و، ئاژانسی ئەتۆمیی ئێران، دەبێت نوێنەرەکانی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، لە هەموو زانیاری و، چالاکییەکانی ئەتۆمیی خۆی ئاگادار بکات.

4- ئاژانسی ئەتۆمیی ئێران، سێ مانگ جارێک، دەبێت بە نووسراوە، کۆمیسیۆنی ئاسایش لەهەر جۆرە گۆڕان و چالاکییەکی خۆی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەرچی لەبڕیارنامەکەدا، ئەو چەند خاڵەی سەرەوە راستەوخۆ ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام ئەگەر بێتو بڕیارنامەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا گەمارۆدانەکە زۆر بەربلاوتر لەوە دەبێت کە ئێران بیری لێدەکاتەوە. چونکە ناردنی هەموو کەلوپەلێک لەدەرەوە بۆ نێوخۆی ئێران راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر چاودێری و، پشکنینی کۆمیسیۆنی ئاسایسی نێونەتەوەییەوە.

لە لیستەکەی کۆمەڵی ئاسایشدا، نێوی کۆمەڵێک دامەزراوە و، کاربەدەستی ئێرانی هاتوون، کە لەپێوەندیی لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی پرۆژەی چەکی ئەتۆم و، چەکی کۆمەڵکوژی دیکە کاردەکەن. نێوەکانیان بریتین لە:

### ئەلف: رێکخراوەکانی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی!

1- رێکخراوی ئێنرژی ئەتۆمیی ئێران.

2- شیرکەتی ئێنرژی (مصباح) جێبەجێکەری راکتۆری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ٤٠A لە شاری ئەراک.

3- نێوەندی "عکا ئەلکتریک" (کاری چڕکردنەوەی سووتەمەنیی PFEPی تێدا ئەنجامدەدرێ و، لەشاری نەتەنز هەڵکەوتوە).

4- شیرکەتی "پارس تراش" لەم شوێنەدا، کاری دابینکردن و، رێخستنی سانتریفوژی تێدا ئەنجامدەدرێت.

5- نێوەندی (فرایند تکنیک) کاری دابینکردن و رێخستنی سانتریفوژ ئەنجامدەدات.

6- رێکخراوی پیشەسازیی بەرگریی نیشتمانیی، دوو پرۆژەی ئەتۆمی و، راکێتی دوورهاوێژ بەڕیوە دەبات.

7- نێوەندی (٧ تیر) لەژێر چاودێریکردنی راستەوخۆی رێکخراوی پیشەسازی بەرگریی نیشتمانیدایە و، کاری بەدواداچوونی پرۆژەی ئەتۆمی تێدا ئەنجامدەدریت.

### ب: ئەو دامەزراوانەی راستەوخۆ بەرنامەی راکێتەکانی "بالستیک" ئەنجامدەدەن:

1- گرووپی پیشەیی "شەهید هێمەت" سەربە نێوەندی گشتیی (رێکخراوی هوا – فضا) یە.

2- گرووپی پیشەیی "شەهید باقری" سەربە نێوەندی گشتیی (رێکخراوی هوا – فضا) یە.

3- گرووپی پیشەسازیی "فجر" سەربە نێوەندی گشتیی (رێکخراوی هوا – فضا) یە.

### ج : بەرپرسیارانی پێوەندیداری بەرنامەی ئەتۆمی:

١ـ **محەمەد قەنادی جێگری** نێوەندی لێکۆڵینەوە و، گەشەی رێکخراوی ئەتۆمی ئێران.

٢ـ **بەهمەن ئەسغەرپوور**، بەڕیوەبەری نێوەندی ئەتۆمی شاری ئەراک.

٣- **داود ئاقاجانی** سەرۆکی کارگەی تاقیکردنەوەی چرکردنی سووتەمەنیی PFEP.

٤- **ئیحسان منجەمی** بەڕێوەبەری نێوەندی پرۆژەی شاری "نەتەنز".

٥- **جەعفەر محەمەدی** ڕاوێژکاری تەکنیکیی ڕێکخراوی ئێنرژی ئەتومیی ئێران و، بەرپرسیاری دابینکردنی دینەمۆی سانتریفۆژ.

٦- **عەلی حاجی نیا لەیلائابادی،** بەڕێوەبەری شیرکەتی ئێنرژی (مصباح).

٧- **سەرداری پاسدار محەمەد مێهدی نژادنووری،** سەرۆکی زانستگەی مالک ئەشتەر لەبواری زانستی بەرگریدا.

## د: بەرپرسیارانی تایبەت بە بەرنامەی ڕاکێتی دوورهاوێژی (بالستیک!)

**1- سەرداری پاسدار حسێن سەلیمی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی ئێران. . ٢- ئەحمەد وەحید دەستجردی سەرۆکی ڕێکخراوی (هوا – فضا). ٣- ڕەزا قولی ئیسماعیلی، سەرۆکی بەشی بازرگانی و کاروباری نێونەتەوەیی (ڕێکخراوی هوا – فضا). ٤- بەهمەنیار مورتەزا سەرۆکی بەشی بووجە و دارایی (ڕێکخراوی هوا – فضا). ٥-سەرداری پاسدار یەحیا ڕەحیم سەفەوی، سەرۆکی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی، لە ئەندامانی بەڕێوەبەری هەردوو پرۆژەی ئەتۆمی و، ڕاکێتی بالستیک.**

لەساڵانی ڕابوردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی دەرەوەی لەپێوەند لەگەڵ کێشە ئەتۆمییەکەی، لەسەر ئەوە دارێشتبوو، تا بەڕێگەی خۆنزیککردنەوە لە هەندێک لە ئەندامانی هەمیشەیی نێو کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و، دەمچەورکردنیان، بەتایبەتیی چین و ڕووسیا و، بەستنی پەیماننامە و، ڕێککەوتننامەی ئابووری و بازرگانی و، کڕینی چەکوچۆڵی جەنگیی لێیان، ناکۆکیی بخاتە نێویانەوە و، کات بباتەسەر، تا بتوانێ پرۆژەی سازکردنی چەکی ئەتۆم بگەیێنێتە ئەنجام. ئێران تارادەیەکی زۆریش توانیبووی لە ناکۆکی نێوان ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئاسایش بەهۆی جیاوازیی بەرژەوەندیی ئابوورییانەوە، کەڵکوەربگرێ و، بە گەشبینییەوە دەیڕوانییە ئاکامی پرۆژە ئەتۆمییەکەی، بەڵام، پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق و، ڕێخستنی جەنگی ئاینی و، دەستێوەردانی ئاشکرای لە عێراق و ئاژاوەی نێو لوبنان و سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی لە فەلەستین و، هەروەها هەڕەشە و گوڕەشەی سەرکۆماری ئێران – ئەحمەدی نژاد، لە ئیسرائیل، کە پەیتا پەیتا لە میدیای ڕژێمەوە، باسی لەنێوبردنی دەوڵەت و گەلی ئیسرائیل دەکات، سەرباری ئەمانە هەڕەشە و گاڵتەکردن بە کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، ئەمانە بەتێکڕا، دنیای ئازاد و، کۆمەڵگەی جیهانی هێنایە سەر ئەو بیرەوە کە، بەهێزبوونی پتری ئێران لەرووی چەکوچۆڵی سەربازییەوە، مەترسی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و، بگرە بۆ جیهانیش دەخولقێنێت. لەبەر ئەوە، وەک یەکەم هەنگاو، لەبڕیارێکی هاوبەشی کۆمیسیۆنی ئاسایشدا، داوایان کرد لێی تا بەشێوەیەکی ڕەسمی و، بەکردەوە ڕێز لە داخوازیی کۆمەڵی جیهانیی بگرێ و، واز لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بهێنێت.




بێگومان، کاربەدەستانی ئێران کە بناخەی سیستەم و، ئایدۆلۆژییەکەیان لەسەر بیرێکی بنچینەگرانەی ئیسلامیی دامەزراوە، ئامادەنابن ملکەچی داوای کۆمیسیۆنی جیهانیی بن. چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو ڕاستییە دەزانن، پاش وازهێنانیان لە پرۆژەی ئەتۆمیی، ئەوجا کێشەی مافی مرۆڤ و، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەریاندا قوت دەکرێتەوە. **هەروەک ئەحمەدی نژاد لە وتووێژێکیدا ڕایگەیاند: " ئەمانە بیانوومان پێدەگرن! ئەگەر واز لە ئەتۆم بێنین، سبەینێ کێشەی (مافی حەیوانات) لە بەرامبەرماندا قوت دەکەنەوە!!".**

**بەکورتی، کاربەدەستانی ئێرانی، ئامادەنین و نابن، لە سیاسەتی دەرەوە و، نێوخۆیاندا نەرمی و گۆڕانێک پێشانبدەن و، بەهیچ شێوەیەک واز لە سیاسەتی پەروەردە و پشتیوانیکردنی تیرۆریزم لەنێوچەکە و، لەجیهان ناهێنن، چونکە مانەوە و هەبوونی ئەم ڕژێمە، بە شەڕ و توندوتیژی و دیکتاتۆرییەوە گرێدراوە. لەبەر ئەوە، بەدڵنیاییەوە، لێدانی گورزی سەربازیی لەئێران بەڕێوەیە و، لە داهاتوویەکی نێزیکدا دەبێ چاوەڕوانی ڕووداو و، ئالوگۆڕی گەورەتر بین لە نێوچەکەدا.**

# حیزبایەتی و دێمۆکراسی و، تەبایی

لەسەرەتای دامەزراندنی هەر رێکخراوە و، حیزبێک دا، کۆمەڵێک کەسانی خاوەن بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری، یان ئاینی، یان سەر بە ئایدۆلۆژییەکی تایبەت، حیزب و رێکخراوەکە دادەمەزرێنن، بەڵم زۆری پێناچێ، خەڵکانی هەلپەرست و بەرژەوەندخواز و، نەفرەتلێکراو، خۆیان هەڵدەواسن بە حیزبەکەوە. هەروەها بەشێکی دیکەش هەن کە خەڵکی ساویلکە و، ناهۆشیارن و، دەچنە نێو ئەو حیزبانەوە و، دەکەونە چەپڵەلێدان و هاوار کردن، بێئەوەی بزانن بۆچی؟!

هەندێ جاریش یەکێک لەو ساویلکانە، دێتە سەر تەلەفزیۆن و لە خودێ دەپارێتەوە کە **"فیدراڵی بە گەلی کورد ببەخشێت!!"**. هۆکەشی ئەوەیە، هەموو رۆژێک لە تەلەفزیۆنەکانەوە، پرۆگرام و بابەت لەسەر فیدرالی بڵاودەکرێنەوە، ئەمانەش وادەزانن فیدراڵی، دوائامانج و لووتکەی سەرفرازیی گەلانە. لەکاتێکدا، فیدراڵی، یان ئۆتۆنۆمی و، هەر دەسەڵاتێکی دیکەی کوردیی، لەنێو چوارچێوەی جوگرافیای وڵاتە داگیرکەرەکاندا، هەر بندەستی و کۆیلایەتییە و، بەمانای وشە، خۆخڵەتاندنە و یاریکردنە بە وشەکان.

ئەگەر سەرکردەیەتیی ئەو کۆڕ وکۆمەڵ و رێکخراوە سیاسییانەی دادەمەزرێن، سەرکردەیەتییەکەی زانا و هۆشیار و، دڵسۆز بن، ئەوا بەهاسانی دەتوانن کۆنترۆڵی کۆمەڵ و رێکخراوەکەیان بکەن و، رێبگرن لە کەسانی هەلپەرست و چەوت و نادڵسۆزەوە، ئەگەریش سەرکردەیەتییەکە زانا و هۆشیار و دڵسۆز نەبێ و، تەنێ مەبەستی دەسەلاتی خۆی و رێکخراوەکەی بێت، ئەوا حەشامەتێکی زۆر و بۆر لەدەوری کۆدەبنەوە و، کەسانی درۆزن وهەلپەرست و نەفرەتلێکراو، دێنە پێشەوە و، ئامانج و بیروباوەڕی رێکخراوەکە لەرێبازی خۆی لادەدەن و، دەیخەنە خزمەتی ئامانجی کەسی و بەرژەوەندیی خۆیانەوە و، ئامانجی گەل و رێبازی حیزب و رێکخراوەکەیان دەبێتە، بیروباوەڕ و ئامانجی حیزب و گەلەکەیان، دەبێتە باسێکی لاوەکی و پلە سێ و چوار بەلایانەوە. ئەوجا پاش ئەوەی دەستیانگرت بەسەر حیزبەکەدا، دەستدەکەن بە پاکتاوکردنی کەسانی پاگژ و دڵسۆز و، خاوەن بیروباوەڕ و، تاوان و تۆمەتی نارەوایان بۆ هەڵدەبەستن و، تیرۆری جەستە و کەسایەتییان دەکەن و، بەجارێ نێوەرۆکی رێکخراوە و، حیزبەکە، لە هەموو بیروباوەڕ و، ئاقارێکی مرۆڤانە و شۆرشگێرانە دەشۆنەوە.

ئایا ئەوە نەبوو، کە پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە باشوور، **خودێ لێخۆشبوو – مەلامستەفا بارزانی** لەریزی خۆی دەرکرد لە کۆنگرەی ماوەت لەساڵی ١٩٦٤ دا!؟

ئایا ئەوە نەبوو، کە **دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو** رێی پێنەدرا بچێتە کۆنگرەی دووەمی حیزبەکەی، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە؟!

ئایا **خەباتکار و نیشتمانپەروەری ناسراو، ئاپۆ عوسمان سەبری،** ناچار نەکرا لە ریزی حێزبی دێمۆکراتی کورد لە رۆژاڤای کوردستان (سووریا)، لە حیزبەکە وازبێنێت، کە خۆی دروستیکردبوو؟!

### ئەوجا بابێینە سەر بابەتی دێمۆکراسی!

دێمۆکراسی لەسەر بیروباوەڕی ریالیستانە و، ئیدئالی بەرزەوە دادەمەزرێت و، لەرێگەی نواندنی دەسەڵاتی گەلەوە لە پەرلەمان و بەرێگەی سازکردنی حیزب وکۆڕ و کۆمەڵی تایبەت بۆخۆی پراکتیزە دەکرێ و، دەخرێتە بواری کردەوە و جێبەجێکردنەوە. بەڵام وەک گوتمان، هەر حیزبێک، کۆمەڵێک هەلپەرست و بەرژەوەندخواز و نەفرەتلێکراو و چەپڵەلێدەر و، هاوارکەر و، کوری رۆژ لەخۆی کۆدەکاتەوە، تاکو سیاسەتەکانی ئەو حیزبە و ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن، جێبەجێی بکەن، بەڵام لەراستیدا هەموویان دوورن لە لە داخوازییەکانی گەل و، بەکراسی دێمۆکراسی خۆیان دەگۆڕن و بێشەرمانە بەکاری دێنن و، بەدرۆ بانگەشەی دێمۆکراسی دەکەن. بۆ زانین و روونبوونەوەی زیاتر، چەندین کەس، کە بە هەڵبژاردن و شێوەی دێمۆکراسی هاتنەسەر دەسەڵات، دواتر بوون بە خراپترین دیکتاتۆر و خوێنرێژ و تاوانباری جەنگیی لە دنیا. لەوانە، **ئەدۆلف هیتلەر لە ئەڵمانیا، ژنەراڵ فرانکۆ لە سپانیا، سالازای لە پۆرتۆگال** و، زۆری کەسی دیکە، کە لە گەلەکەی خۆیان زیاتر کوشت، تاکو لە داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان.

ئەو مرۆڤکوژانە، بۆیە توانییان بەرێگەی دێمۆکراسی و هەڵبژاردنەوە بێنەسەر کار، چونکە بە پاڵپشتیکردنی کەسانی هەلپەرست و چەپڵەلێدەر و، نەفرەتلێکراو، کە کاریگەرترین ئامرازی هەڵخڵەتاندن و، چەواشەکردنی خەڵکی ساویلکەن، توانییان بەدەسەڵات بگەن.

هەر کاتێکیش جەماوەر، درۆ و دەلەسەی ئەو حیزبەی لائاشکرا بوو، روو لە حیزبێکی دیکە دەکا و، جارێکی دیکە هەڵدەخڵەتێیەوە، چۆنکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو حیزبانەدا نییە و، ئامانجی سەرەکیی هەموویان گەیشتن بەدەسەلاتە، کە ئەویش بەرێگەی خڵەتاندن و، فریودانی جەماوەرەوە دێتەدی!

وشەیەکی تایبەتی دیکە، کە لەم رۆژانەدا زۆر بەکار دەهێنرێت و، تەواوکەری ئەو رووکار و رووکەشە دێمۆکراسییەیە کە لە دەرەوە و لە روخساردا جوان و، لەنێوەرۆکیشدا ناشیرین و دزێوە. ئەویش وشەی **"تەبایی"** یە. ئەو تەباییەی کە لەنێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەساڵی ۱۹۹۲ روویدا، کە وەزارەتەکان و حکوومەتی هەرێم دابەشبکەن لەنێو خۆیاندا، ئەوا بە پێچەوانەی ویست و خواستی جەماوەرەوە بوو، رای گەلیان خستە نێو تەنەکەی زبڵەوە. **جا ئەگەر ئەمە نموونەی تەبایی نێوان کورد و کورد، خۆی بێت، دەبێ تەبایی نێوان کورد و برا گەورەی عەرەبی چۆن بێت؟!** لەوەش خراپتر ئەوەیە، ئەو سیستەمەی کوردستان، هەر دەنگێکی رەوا و فامخوازانەی دەمکوت کردووە، کە ویستوویەتی، هەڵە و چەوتییەکان بخاتەڕوو و، پێشانی جەماوەری بدات. ئەوجا بەشی زۆری ئەوانەی لە دەسەڵاتی یەکێتیی رەخنە و گازندەیان هەبووە، چوونەتە نێو پارتی دێمۆکراتەوە، یان لە لاکەی پارتییەوە، چوونەتە نێو یەکێتییەوە، واتە چوونەتە ژێر دەسەلاتی ئەو فەرمانڕەوانەوە کە هەردووکیان پێشێلکەری دێمۆکراسین. ئەو دۆخ و حاڵەتەش، جگە لە باشووری کوردستان، لەهیچ کۆمەڵگە و، ولاتێکی دیکەی جیهان، نە لەنێو وڵاتانی دیکتاتۆر و، نە لە نێو ولاتانی دێمۆکراتدا نابیندرێت.

لەرێگەی ئەم **"تەبایی!!"** یە، تایبەت و دەگمەنەی **پارتی** و **یەکێتیی** یەوە، ئامانجی بەرزی گەل پێشێلکراون. ئەمەش، دەستدرێژیکردنێکی ئاشکرایە بۆ سەر ئاوڕوو (ناموس) و، کەرامەت و کەسایەتیی نەتەوەیی و، بەرژەوەندییەکانی بەرزی نەتەوەی کورد. چۆنکە پارێزگاریی لە شەرەف و ئاوڕوو و کەرامەتی نەتەوەیەک، لە سەربەخۆیی و رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەیدا رەنگ دەداتەوە، نەک لە جەستەی جنسی مێینە...!



# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران ساڵەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێی نایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان ڕاپەڕینی یەک لەدوایییەکی بەمەبەستی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو ڕابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی ڕزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو ڕاستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی ڕژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە ڕێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

**لەم ڕوانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!**

- **– کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **– کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **– کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **– کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **– کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ڕێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن!**

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Tel; 0044 – 208 748 78 74
Fax; 0044 – 208 741 64 36

Bi wê adres pêwendlî legel serokayetîya kongrey Nîstmanîya Kurdistan bogre!



**ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**

**Tele; 0049 – 82 33 80 61**
**Fax; 0049 – 82 33 61 21**
**E-post; KNC@ribrahim.de**



**نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!**

**KNC**
**P. B. 205 Holmlia**
**1204 Oslo, Norway.**
**Fax; 0047 – 22 75 30 95**

**Bi wê adres name û gotar û pêsnyaza xwe bo kongre bisîne**


**"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!**

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن:
سیروان کاوسی

**Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî û Netewey Kurde!**
**Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!**

**Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin;**
**Sîrwan Kawsî**

**ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!**

کۆنگرە ئینگلیزی: www.knc.org.uk
کۆنگرە (کوردی): www.kncscandinavia.com
رادیۆ رۆژاڤا: www.rojavatv.org.uk
حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: www.western-kurdistan.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: www.jawadmella.net


## گوێ لە بەرنامەکانی رادیۆ رۆژاڤای کوردستان بگرن!

رادیۆ رۆژاڤا، 24 سەعات بە کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، تركی و فارسی، لەسەر

Dijital TV Satellite

لەلیستی رادیۆ، بەنێوی:

ROJAVA KURDISTAN

بەم ئەدرەس و فرەکانسە بڵاودەبێتەوە:

Satellite Hotbird 3, 13 E, Freq. 12207 H – Symbol Rate; 27500, Trans.Nr. ٥